لێکۆڵینەوەیەک

# لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ ی

باشووری کوردستان

نووسینی

**هاوڕێ قادر ڕەسوڵ**

لێکۆڵینەوەیەك لەسەر

ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ ی

باشووری کوردستان

نووسینی
هاوڕێ قادر ڕەسوڵ
ڕەواندوز - ١٩٩١

ناوی کتێب : لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ ی باشووری کوردستان ٠

نووسەر : هاوڕێ قادر ڕەسوڵ .

چاپی : یەکەم ـ ١٩٩٤ ـ هۆڵەندا ٠

تیراژ : ٥٠٠ دانە ٠

لە بڵاوکراوەکانی ( بنکەی کوردۆلۆژی ) لە هەندەران ٠٠


---

ئەم لێکۆڵینەوەیە ... پێشکەشە :-

بە سەربازانی وونبووی ڕێبازی پیرۆزی

کوردایەتی

# پێشەکی

ڕووناکبیرانی کورد ، ڕەخنەی ئەوە لە باوو باپیرانیان دەگرن کە بۆچی کورد تائێستا مێژوویەکی نووسراوەی تەواو و گشتگری نی یە ، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین کێشەی مێژوویی سەبارەت بە کورد و کوردایەتی لەم سەدەی بیستەمەدا هەست پێ دەکەین و هاوکاتیشە لەگەڵ ژیان و تەمەنی ئەو ڕووناکبیرانەدا بەبێ ئەوەی چارەسەرو لێکۆڵینەوەیەکی لێوە کرابن ٠

ئەو ڕووناکبیرانە هەروەکو چۆن مافی ئەو ڕەخنەو گازندانە بەخۆیان دەدەن دەربارەی گرێ کوێرە مێژوویی یەکانی وەك بەکر سدقی و ڕەمزی نافیع و پەیوەند یی نێوان کورد و سۆڤیەت و ڕووخانی کۆماری دیموکراتیکی کوردستان و هەرەسەکەی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و کارەساتی هەکاری و ٠٠٠ هتد ، پێویستە هەمان مافیش بە نەوەکانیان ڕەوا ببینن دەربارەی ڕووداوە مێژوویی یەکانی ئەمڕۆمان ٠

ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ی باشووری کوردستانیش هیچ گرنگی یەکی لەو ڕووداوە مێژوویی یانەی تر کەمتر نی یەو دەبێت ئەوپەڕی مافی خۆیی بدرێتی و هەوڵی لێکۆڵینەوە و قسەو باسی لەسەر بدرێ و نەوەکو هەندێك لایەنی بشاردرێتەوە و لە پاشەڕۆژدا وەکو کەلێنێك لە مێژووی نەتەوەکەماندا بمێنێتەوە ٠

ئەو ڕاپەڕینە مەزنە شایەنی چەندین لێکۆڵینەوەی مێژوویی یانەی شایستەو چڕوپڕە، بەڵام من لێرەدا بە کورتە لێکۆڵینەوەیەك لەسەری دەدوێم .
بەم شێوەیەش باسەکەم دابەشکردووە :-
بەشی یەکەم - بریتی یە لە کورتەیەکی مێژوویی، کە تێیدا باسی بەرەرەکانیی داگیرکەرانم تێدا کردووە لەسەر خاکی کوردستان، هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە تاوەکو هەڵگیرسانی ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١، هەروەها هەڵوێستی کوردستانی یە کۆنەکان و کورد م بەرامبەر ئەو داگیرکاری یانە خستۆتە ڕوو و بەکورتی باسم کردووە، چونکە ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ ی باشووری کوردستان دریژە پێدان و بەردەوامیی هەموو ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەن کە بەدرێژایی مێژوودژی داگیرکەرانی کوردستان سەریان هەڵداوە .
بەشی دووەم - باسی هەردوو جەنگەکەی کەنداو و کاریگەریتیی ئەو جەنگانە لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوچەکەم بە تایبەتی کردووە .
بەشی سێیەم - لێکۆڵینەوەیەکی کورتە دەربارەی ڕاپەڕینەکەی عێراق و هۆیەکانی هەڵگیرسانی، هەروەها باسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد م لە ساڵەکانی نێوان ١٩٨٨ و ١٩٩١ دا کردووە و نێوم لێناوە (( قۆناغی نائومێدی )).
بەشی چوارەم - لەم بەشەدا هاتوومەتە سەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ ی باشووری کوردستان و بە ( ڕاپەڕینی ڕاپەڕینەکان ) لە مێژوودا نێوم بردووە و سروشتە تایبەتی یەکانی تێدا ڕوونکراوەتەوە .

بەشـــی پێنجەم ــ کە تێیدا پەیوەندی یی ڕاپەڕینەکەی عێراق ، بە ڕاپەڕینەکەی باشووری کورد ستانەوە ڕوونکراوەتەوە ، پاشـــان هاتوومــەتە سەر ئاکامــی ڕاپەڕینەکەی عێراق و کاریگەریتی یـــە کانی لەسەر ڕاپەڕینەکەی کورد ستان ٠

بەشـــی شەشەم ــ لێرەدا هۆیەکانی سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینـە کەی باشووری کورد ستانم ڕوونکرد ووەتەوە کە کرد ووومــەتە دوو بەش ، یەکەمــیان هۆیە نێودەوڵەتی یەکان یاخود (دەرەکـــی یەکان ) ، دووەمــیان هۆیە نێوخۆیی یەکان واتە (کورد ستانی و تاڕاد ەیەك عێراقی ) ٠

بەشـــی حەوتەم ــ لە مــەرگەساتی ئاوارەکان دواوم و سودی ئەو ڕەوەی ئاوارەکانیشم بو سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد خستووەتە ڕوو٠

بەشـــی هەشتەم ــ کە تێیدا ئەو ئەزمــوون و پەندانەی کـە ئێمــەی کورد دەتوانین لە ڕاپەڕینەکە وەری بگرین دەســـــت نیشانم کرد ووە٠

پاشان لە ژێر نێوی ( ئەنجام ) دا بەچەند خاڵێـــــــك تەواوی ئەنجامــە بەدەست هێنراوەکانی نووسینەکەمـــــم وەك زیاتر ڕوونکرد نەوەیەکی باسەکە خســـتووەتە بەرچاو٠

لەکۆتایی دا دەڵێم کە ئەم نووسینە ، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی یە و بێ سەرچاوەیە ، بەدەر نی یە لە کەم و کوڕی ، ڕاپەڕینـــــــی ڕاپەڕینەکان پێویستە زۆر چاکترو باشتری لەسەر بنووســرێــت ، هیوادارم لە پاشەڕۆژدا ئەمــەمــان بۆ بێتە دی و لێرەدا جێی خۆیەتی کە بڵێم :ــ

ئەم لێکۆڵینەوەیەم بە شێوەی سیمینار لەڕۆژی ٢٠/٧/١٩٩١

دا لە کوردستان بۆ بەشداربووانێکی زۆر لە پێشمەرگە قارەمانەکان و ڕووناکبیران و جەماوەری شاری ڕەوانسدوز پێشکەش کردووە، کەلە نێو کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەر و شۆڕشگێری کوردستاندا شانازیی یەکەمین لێکۆڵینەوەی پێ براوە لەسەر ڕاپەڕینەکە. هەروەها زۆر بە پێویستی دەزانم کە ڕێزو سوپاسێکی زۆر ئاراستەی هەموو ئەندامانی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد، بەشی ڕەواندوز بکەم، کە بەدڵسۆزی یەکی زۆرەوە یارمەتی یان دام لە ڕێکخستن و باش بەڕێوەچوونی سیمینارەکە، جگە لەوانیش دەبێت سوپاسی زۆری ئەو عاویر و هەڤاڵانە بکەم کە بە شێوەیەك لەشێوەکان بەشدار بوون لەسەرکەوتنی سیمینارەکەدا.

هەروەها هەمان ئەم لێکۆڵینەوەیە لە شاری ئەمستەردام لە ڕۆژی ٧/٣/١٩٩٣دا وەك دووەمین ساڵڕۆژی ڕاپەڕینەکە بە شێوەی سمینار بۆ چەند کوردێکی دانیشتووی هۆڵندا پێشکەشکرا، کە سمینارەکە لەلایەن یانەی کوردیی مید یای ئەوکاتە ئامادەکرا... سوپاسیان دەکەم...

خرۆنینن ـ هۆڵندا
١٩٩٤/١٠/١٠
هاورێ قادر ڕەسوڵ

# بەشی یەکەم
## کورتەیەکی مێژوویی

ناوچەی خۆرهەلاتی نزیك ، هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە سەرچاوەی ململانێ و جەنگ و ئاژاوە بووە ، زۆربەی ئەو نەتەوانەی کەلەم ناوچەیەدا ژیاون هەمیشە ویستوویانە لەسەر حیسابی خاك و ئاو و بەرژەوەندیی نەتەوەکانی تر مەودای دەستەلات و سیاسەتی خۆیان فراوان بکەن ·

سۆمەرییەکان وەك دەولەتێکی بەهێز و خاوەن شارستانی هەمیشە ویستوویانە پەرە بە دەولەت و خاك و ئاوی خۆیان بدەن ، گۆتییەکان و کاشییەکانیش کە دوو رەگەزی کۆنی کوردستانن بۆ چەندین سەدە لە پێناوی بەرژەوەندییە سیاسی و سەربازی و ئایینییەکانی خۆیاندا دەستیان بەسەر وولاتی میسوپۆتامیادا گرتووە ·

پاش ئەوانیش سامییەکان کە لەهەزارەی سێیەمی پێش زایین دا هاتوونەتە ناوچەکە و ئەوانیش دەولەتە یەك لە دوای یەکەکانی خۆیانیان دامەزراند ووە و کەم تا زۆر لە ژێر نێوی ئەکەدی و بابلی و ئاشوری دا هەولی فراوانخوازییان داوەو یەکەم خالی ئەم فراوانخوازییەی ئەوانیش کوردستان بووە ئیلامییەکانیش لەهەرە باشووری کوردستاندا وەك دەولەتێکی بەهێز هەمیشە لەگەل سۆمەرییەکان و دەولەتە سامییەکاندا ناتەبا بوون و لەجەنگدا بوون ·

پاش ئەوانیش لە ناوچەکانی باکور و خۆرهەلاتی کوردستاندا

دەوڵەتی مید یا وەك گەورەترین ئیمپراتۆر لە ناوچەکەدا و لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیاندا کەوتوونەتە فراوانکردنی سنووری دەسەڵاتیان، بەرادەیەك کەکار گەیشتە ئەوەی بتوانن لە ٦١٢ ی پێش زایین دا بەهێزترین ئیمپراتۆریەتی ناوچەکە بڕووخێنن کە ئەویش ئیمپراتۆریەتی ئاشوورییەکان بوو و نەینەوای پایتەختیان داگیر و خاپوور کرد •

ئنجا فارسە ئەخمینییەکان وەك هێزێکی گەورە لەناوچەکەدا پەیدابوون و لە پێناوی دەسەڵات و فراوانخوازیدا کەوتنە داگیرکردنی زۆربەی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی نزیك، ئیمپراتۆریەتی ڕۆماش ئەم کارەی بەدژی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەزانی لەخۆرهەڵاتدا بۆیە کەوتە بەربەرەکانییان و توانی تەواوی ناوچەکانیان لەژێردەست دەربکەن و کۆنترۆڵی بکەن، ئەوەی شایانی باسە گەورەترین جەنگی نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆریەتە مەزنە لە نزیك شاری هەولێری ئەمڕۆدا ڕوویدا کە تێیدا ئەسکەندەری مەکدۆنی سەرلەشکری ڕۆم سەرکەوت بەسەر کۆرشی فارسدا • ئەم دوو هێزە واتە ئیمپراتۆریەتی ئێران و ڕۆمەکان تاوەکو سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئیسلام هەر لە بەربەرەکانی و جەنك و کوشتاردا بوون لەسەر فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان لەناوچەکەدا •

لە سەدەی شەشەمی زایینەوە عەرەبەکانیش لەژێر پەردەی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامدا پۆستە پۆستە لە دورگەکەیان دەهاتنە دەرەوە وکەوتنە فراوانکردنی دەسەڵاتیان و داگیرکردنی زۆربەی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی نزیك، پاشان بەوێنەوە نەوەستان تاوەکو گەیشتنە دەوروبەری هندستان لە خۆرهەڵات و

وولاتی ئیسپانیا لە خۆرئاوای باشووری ئەوروپا ، کوردستانیش وەك زۆربەی زۆری ئەو وولاتانە لەدوای جەنگی قادسییەوە لە ٦٣٧ ی زدا کەوتە ژێر دەستی عەرەبە موسلمانەکانەوە ، لە سەردەمی دەولەتی ئەمەوی و ( ٦٦١ــ ٧٥٠ )ز عەبباسی یەکانیشدا ( ٧٥٠ــ ١٢٥٨ ) ز ئەم ژێردەستەیییە هەر بەردەوام بوو ، تاوەکو هێرشی مەگۆلەکان لەسالی ١٢٥٨ زدا کە توانییان دەولەتی عەبباسیی ئیسلامی بڕوخێنن و بەغدای پایتەختیشیان کاول بکەن .

لەسەدە نوێیەکاندا تورکەکان بەهۆی (عوسمان ئال توغرولەوە ) توانییان ئیمپراتۆریەتێکی بەهێز دروست بکەن و لەژێر پەردەی فەرو فێلی سیاسەت و حەلافەت بازییەوە زۆربەی نەتەوە بەموسلمانکراوەکانی پاشماوەی دەولەتی عەبباسییان خستە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە .

ئەم داگیرکردنەی تورکە عوسمانلییەکان تا سەرەتای سەدەی بیستەم درێژەی کێشا ، لەم سەدەیەدا ئیمپریالیستی خۆرئاوا بەهۆی شوێنی گرنك و ستراتیژی ئەم ناوچەیەوە کەوتە داگیر کردنی زۆربەی ناوچەکانی ، بەتایبەتی دوای دۆزینەوەی دەریایەکی شاردراوەی نەوت لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا .

بەهۆی هەلگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە دەولەتی عوسمانی بەیەکجاری شوێنەواری نەما و تەواوی داگیرکەکانیشی (المستعمرات) کەوتە ژێر چنگی دەولەتە هاوپەیمانەکانەوە ، داگیرکردنی ئەم ناوچانەو دەرهێنانیان لە ژێر چنگی پیاوە نەخۆشەکەی تورکدا و مسلمانێ ی زێڕی ڕەشی ناوچەکە هۆیەکی گرنك بوو بۆ هەلگیرساندنی جەنگی جیهانیی یەکەم .

پاش تەواوبوونی جەنگ تەواوی ئەو ناوچانە بەسەر بەریتانیا و فەرەنسادا دابەشکرا و بەبیانوی ماندات و سەرپەرشتیی ئەو دەوڵەتانەوە دریژەیان بەداگیرکردنەکەیاندا و بەهۆی بەندەکانی کومەڵەی گەلانەوە رەوایەتی یەکینیان بەوکارەی خۆیاندا .

تەنها بەریتانیا لەژێر نێوی کۆمەڵەی کۆمۆنویلسدا دەیان وڵاتی خستە ژێر دەستی خۆیەوە و بەرەسمی دەمراستییان بوو.

لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە دوو زلهێزی گەورە لە جیهاندا سەریان هەڵدا کە ئەوانیش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رابەری بلۆکی خۆرئاوا و یەکێتیی سۆڤیەتە کە رابەرایەتیی بلۆکی دەوڵەتە بەنا و سۆشیالیستەکانی دەکرد . ئەم دوو زلهێزە هەر لەسەرەتای دروستبوونیانەوە ، کەوتنە ململانێ لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان و هەریەك دەیویست لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی نزیکدا دەستی هەبێت و بەرژەوەندییەکانی خۆیی تێدا بپارێزێت. ململانێی ئەم دەوڵەتانە لە فەرهەنگی سیاسیدا ناسراوە بە (جەنگی سارد ) .

دووبەرەکیی دەوڵەتان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگێکی ماڵوێرانکەری تری جیهانی کە ئەویش جەنگی جیهانیی دووەم بوو.

پاش تەواوبوونی ئەو جەنگە و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی گەلان وەك رێکخراوێکی جیهانی ، لەبەرئەوەی نەیتوانی دەوڵەتان ناچار بکات بۆ هەڵنەگیرسانی جەنگێکی تری جیهانی ، لە ساڵی ١٩٤٥ دا رێکخراوێکی نوێی جیهانی بەنێوی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا و هاتە نێو

کۆمەڵی نێو دەوڵەتییەوە. هەرچەندە تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە ململانێی نێودەوڵەتی چارەسەر بکات و لەسەرەتای دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەشەوە چەندین جەنگی ماڵوێرانکەر لەنێو دەوڵەتاندا ڕوویداوە بێ ئەوەی ئەو ڕێکخراوە بتوانێ ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی ببینێ کە ئەویش پارێزگاریی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتییە، وەك لە یەکێك لە مادەکانی بڕوانامەکەیدا ئاماژەی بۆکراوە، جگە لەو جەنگانەی کەلە بەرژەوەندیی زلهێزەکانی جیهاندا بوون.

(کوردستان) وڵاتێکە کە هەڵکەوتەی جوگرافیایی دەکەوێتە خۆرهەڵاتی نزیکەوە و بازنەیەکی پەیوەندی و ستراتیژیی نێوان چەندین دەوڵەتە، هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە دراوسێکانی هەوڵی داگیرکردنیان داوە و ویستوویانە لەسەر حیسابی کوردستان پەرە بەخاك و ئاوی خۆیان بدەن، ئەکەدییەکان و بابلییە سامییەکان زۆر جار هەوڵی داگیرکردنی چیاکانی کوردستانیان داوە تاوەکو بتوانن بۆ کەرەستە جەنگییەکانیان کانزای پێویست بەدەست بهێنن، پاش ئەوانیش ئاشوورییە سامییەکان بۆ چەندین جار و بە درێژایی مێژووی فەرمانڕەوایییان هەوڵی داگیرکردنی سەرتاسەری چیاکانی کوردستانیان داوە.

لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی مادەوە، کورد بە هۆی باروودۆخی مێژوویی تایبەتیی خۆیەوە و بەهۆی ئەوەی کەوتۆتە نێوان چەند هێزێکی دژ بەیەکی گەورەوە هەمیشە مەیدانی ڕمبازی و جەنگ و شەڕو شۆڕ بووە و نەیتوانیوە کیانێکی سەربەخۆی سەرتاسەری لە کوردستاندا بەدی بهێنێت.

زۆربەی ئەو جەنگانەی کە لەنێوان ئیمپراتۆریەتی ئێرانی و رۆمانی لە کوردستاندا روویداوە، ئەوپەڕی ماڵوێرانی و سەرگەردانیی لە کوردستاندا پێک هێناوە.

لە پاش لەنێوچوونی دەستەڵاتی رۆمەکان و فارسەکان، عەرەبە موسڵمانەکان بۆ چەند سەدەیەک کوردستانیان داگیرکردووە، پاشانیش تورکەکان هاتوونەتە ناوچەکەوە ئەوانیش کەم تا زۆر کوشتن و بڕینی خۆیانیان کردووە، لە سەرەتای دروستبوونی ململانێی نێوان تورکە عوسمانییەکان و فارسە سەفەوییەکان لە سەدەکانی نێوەڕاستدا و پاش ئەوانیش قاجارییەکان، دیسانەوە کوردستان بووەوە مەیدانی ڕمبازی و جەنگیی ئەو دوو هێزە گەورەیە، تاوای لێهات هەریەکە لەلایەکەوە بەشێکی کوردستان داگیرکات و لە دەست میرنشینە کوردەکانی بهێنێتە دەرەوە و کورد وەک سوپەرێکی سەربازی و مرۆیی بەکاربهێنن. گەورەترین جەنگ کەلەنێوان ئەو دوو هێزەدا روویدابێت جەنگی چاڵدێرانی (١٥١٤)ز. کەتێیدا کوردستان بۆ ماوەیەکی زۆر کرایە دووکەرتەوە و ئەو هێڵەی کە بەنێو چاوانی کوردا هاتبوو بووە سنووری ئەو دوو هێزە گەورەیە.

ئاکامی ئەو جەنگە وەنەبێت ملی ژێردەستەیی بە کورد نەوی کرد بێت بەڵکو بێ ووچان دژی وەستاوەتەوە. دووبەرەکیی ئەو دوو هێزە تەنها بە جەنگی چاڵدێرانی ١٥١٤ کۆتایی نەهات بەڵکو لە زۆر شوێن و کاتی جیاوازدا دەیاندا بەیەکدا و هەر جارێکیش گەورەترین وێرانکاری و سەرگەردانییان بۆ کوردستان بەئەنجام دەدا و تەنانەت خودی کوردیشیان کردە دوو بەشەوە

و هەریەکە لەلای خۆیەوە لەدژی ئەوی تردا بەکاری دەهێنا ٠
ئەم دوو بەرەکی و ئاژاوەیەی نێوان فارس و تورك بووە هۆی ئەوەی کە هەوڵ بدەن بەشێوەیەکی ئاشتی یانە کۆتایی پێ بهێنن، چونکە جەنگی ئەوان لەگەڵ یەکدا جەنگێکی بێ هودە بوو بۆیە لە ساڵی ١٦٣٩ ز٠ هەردوولا ڕێکەوتننامەی زەهاوی شومیان مۆر کرد وو تێیدا بەرەسمی خاکی کورد ستانیان کرد، دوو بەش و خستیانە سەر سنووری ناڕەوای ئیمپراتۆریەتەکانی خۆیان ٠
هەروەها ڕێکەوتننامەی (ئەرزورۆم) لەساڵی ١٨٤٧ ز٠ دا کە بەپێی ئەوە هێندێك ناوچەی کورد ستان حرایە سەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ٠ ئەو ڕێکەوتننامانە نەیانتوانی بەرژەوەندی یە گڵاوەکانی ئەو دوو هێزە دابین بکات، بۆیە بەمە وەیەکی کورت کەوتنەوە شەڕو شۆڕ و فراوانخوازی لەسەر حسابی خاك و ئاوی کورد ٠
ئەم دووبەرەکییەی نێوان فارس و تورك لەسەر خاکی کورد ستان تا سەرەتای سەدەی بیستەم درێژەی کێشا، پاشان بە هۆی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، جارێکی تر کورد ستان دابەش کرایەوە و لە جیاتی دوو بەش، کرایە پێنج بەش و بە هۆی ڕێکەوتننامە جیهانی یەکانەوە ئەو دابەشکردنە ڕەوایەتی یەکیشیی پێدرا ٠
کورد بەرامبەر ئەم هەموو داگیرکردن و کوشتن و برین و وێرانکاری یە دەستەو ئەژنۆ دانەنیشتووە و هەمیشە درێژەی بە خەبات و تێکۆشانی خۆی داوە، گۆتی یەکان و کاشی یەکان چەند ین دژە هێرشیان کرد ووەتە سەر نەتەوە سامی یەکان و

لە خاکی خۆیاندا کرد وویاننەتە دەرەوە، پاشانیش لە ئەنجامی ئەو هەمـوو هێرشانەی ئاشووری یەکان بۆ سەر مـاد و خاکی کوردستان مادەکان ناچار بوون دژە هێرشێکی ئەوتۆ بکەنە سەریان کە بەیەکجاری نێوی ئاشوور لە مێژوودا بسڕنەوە.

عەرەبەکانیش لەکاتی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام و داگیرکردنی کوردستاندا بەرهەڵستی یەکی زۆر بەهێز کراون، بەڵام لە دوایی دا و بەرەبەرە بوونەتە موسڵمان و پاشان بەشێك لە دەوڵەتی ئیسلامی و ئنجا توانیویانە بەهۆی چەند دەوڵەتۆکەی کچکەو میرنشینەوە سەربەستیی خۆیان بپارێزن.

لە سەدە نوێ یەکاندا هەرچەندە کورد کەوتبووە نێوان دوو زلهێزی وەك سەفەوی و عوسمانلی یەوە بەڵام هەرگیز تەواوەتی ملی بۆ نەداون و درێژەیان بە خەباتی خۆیان داوە و چەندین میرنشینی سەربەستیان تێدا دروستبووە کە لەژێر ڕکێفی هیچ لایەکیاندا نەبوون.

لە سەدەی نۆزدەیەمەوە خەباتی کورد شێوەیەکی تری بە خۆوە گرت، بەهۆی بڵاوبوونەوەی بیرو بزووتنەوەی کوردایەتی یەوە، چەندین ناوچەی جیاجیای کوردستان شۆڕشی ڕزگاریی تێدا بەرپا بوو. شۆڕشەکانی ساڵی ١٨٨٦ زایینیی باکووری کوردستان و شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی و شێخ مەحمودی نەمرو بزووتنەوەکانی بارزان و شۆڕشەکانی ئارارات و کۆماری دیموکراتیکی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوولی مەزن باشترین نموونەی بزووتنەوەی کوردایەتین لەم دوو سەدەیەی دوایی دا.

لە سەدەی بیستەمدا دەوڵەتە داگیرکارەکانی کوردستان

هەمیشە هەوڵی زێتر داگیرکردنی بستێکی تری خاکی کورد یانداوە، بۆ نمونە کێشە بە نێوبانگەکەی موسڵ کە زۆربەی خاکی باشووری کوردستان دەگرێتەوە، لە سەردەمی تورکە کەمالی یەکانەوە تاوەکو ئێستا جێی ململانێی هەردوو دەولەتی عێراق و تورکیا بووە.

کورد نەتەوەیەکی کەم دەست و بێ پشتە، هیچ شۆڕشێکی لە لایەن هێزێکی نێود ەولەتی یەوە پشتگیریی لێ نەکراوە، ئەگەر لێیشی کرابێت ئەوە تاسەر نەبووە، لە سەرەتای سەدەی بیستدا کە سەدەی کۆمەڵگەی نێودەولەتیی ڕێکوپێکە (المجتمع الدولي المنظم) هیچ هەوڵێکی نێودەولەتی بۆ کورد نەدراوە بەڵکو بە پێچەوانەوە، کۆمەڵگەی نێودەولەتی بە هۆی بەرژەوەندە تایبەتی یەکانی خۆیانەوە دژیشی وێستاونەتەوە، بۆیە دەولەتە داگیرکارەکانی کوردستان بە ئارەزووی خۆیان چی یان ویستبێت لە کوردستاندا کردوویانە.

فاشیسترین و درندەترینی ئەو داگیرکەرانە بەعسی یەکان بووە، کەلە فەرهەنگی سیاسی دا ناوێك یاخود زاراوەیەکی تێدا نی یە کە پڕبە پێستیان بێت !! ...

ئەم ڕژێمە لە سەرەتای شەستەکانەوە بە شێوەیەکی ناڕەوا دەستەلاتی خۆیان سەپاند بەسەر عێراقدا و بە درندەترین شێوە کەوتنە گیانی کورد و شۆڕشە پیرۆزەکەی ئەیلوول، ڕۆژی ٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٣ گەورەترین تاوانە بەنێوچاوانی بەعسی یەکانەوە. پاش لێکەوتنیان و حوکم گرتنەوە دەستیان لە ساڵی ١٩٦٨ دا بەهەمان شێوە درێژەیان بە تاوانەکانی خۆیان دایەوە، دوای قۆناغی گفتوگۆی ١٩٧٠ بۆ

١٩٧٤ شۆڕشی کورد دیسانەوە دریژەی بە خەباتی خۆی دایەوە و سەرکەوتنێکی زۆر مەزنیشی بە دەست هێنا ، چونکە چەند هێزێکی نێودەوڵەتی پشتگیری یان دەکرد ، بەلام لە بەرئەوەی مانەوە و بەردەوامیی ئەو شۆڕشە چیتر ها و جووت نەبوو لەگەڵ بەرژەوەندی یەکانیاندا ، پشتیان تێکرد و ئەنجامە کەشی بە ڕێکەوتننامە شومەکەی ئەلجەزایر لە ٦ ی مارتی ١٩٧٥ کوتایی هات و شۆڕشەکەی باشووری کوردستانیان بەو ئەنجامە تاڵە گەیاند کە لای هەمووان ئاشکرایە٠

لە پاش هەرەسەکەی شۆڕشی کوردستان لە ساڵی ١١٧٥ ، مەفرەزە سەرەتایی یەکانی پێشمەرگەی کورد بۆ جارێکی تر لە قۆناغی بزووتنەوەی فرە حیزبی دا کەوتنەوە دژایەتیی داگیرکەر و سەر لە نوێ دریژەیان بە کاروانی خەباتی کوردایەتی دایەوە٠

لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێم کە ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ ای باشووری کوردستان دریژە پێدان و بەردەوامیی هەموو ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانەیە کە بە دریژایی مێژوو دژی کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان سەریان هەلداوە٠ هەر بۆیە ئەم کورتە باسە کە بوو بە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە ڕاستەوخۆ لە پێداویستیی خودی بابەتەکەوە سەرچاوەی گرتووە٠

## بەشی دووەم

## دەربارەی هەردوو جەنگەکەی کەنداو

لەساڵی ١٩٧٩دا شۆڕشی گەلانی ئێران توانی یەکێك لە گەورەترین هێزەکانی ناوچەکە کە دەوڵەتی پاشانشینی ئێران بوو سەرەونگوون بکات و موسڵمانە شیعەکانیش توانییان ئەو پاشاگەردانی‌یەی ئەوکاتەی ئێران بە جێگیرکردنی دەستەڵاتی سیاسیی خۆیان پڕبکەنەوە، کۆماری ئیسلامی هەرلە سەرەتای دامەزراندنی‌یەوە کەوتە دژایەتی کردنی بەعس، هەڵبەتە بەعسیش هەربەو شێوەیە و بگرە خراپتریش ئێران بە هۆی سیاسەتی ناردنە دەرەوەی شۆڕش و (تصدیر الثورة) شوێنە پیرۆزەکانی شیعە و تابووری پێنجەمی‌یەوە، عێراقیش بە هۆی بەدەستهێنانەوەی ئەو زەوی‌یانەی کە لە سەرکوتکردنی شۆڕشی کوردا بەخشیبوونی و هەروەها ویستی فراوانخوازیی بەعس و جگە لەوەی کە ڕژێمی نوێی ئێرانی بە لاواز دەزانی و هەروەها بەهانەی داواکردنەوەی ئەو سێ دورگە عەرەبی‌یەی کە شای ئێران لە ١٩٧١دا داگیری کرد بوو کە ئەوانیش (هەردوو تەنبی گەورە و بچوك و ئەبو موسا) بوون، هەروەها دەوڵەتانی خۆرئاواش لەبەر بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیان ئاگری دوو بەرەکیی نێوان ئەم دوو دەوڵەتەیان خۆش دەکرد .

ئەم دوو لایەنە دژیەکە لە ساڵی ١٩٨٠دا کەوتنە جەنگێکی پڕ کارەساتی گەورەوە، بەڕادەیەك ئەو پەڕی هێز و توانای

خۆیانیان بەکاردەهێنا ، جۆرەها چەکی ڕەشەکوژ و ڕێ پێنە دراوی نێودەوڵەتییان بەکاردەهێنا ، کوردستانیش لەم جەنگە و لەم چەکانە بێبەش نەبوو، بەشێکی زۆری جەنگەکە کەوتبووە کوردستانەوە و دەیان شارۆچکە و سەدان گوند کەوتنە بەر شالاوی دژە هێرشی بەرەکانی جەنگ و خەڵکێکی زۆری کورد ماڵوێران و سەرگەردان بوون ، کارەساتی هەڵەبجەی خوێناوی یەکێکە لە قوربانییەکانی ئەو جەنگە و لەماوەی چەند ساتێك هەزاران زارۆ و لاو و پیری کورد بەگازی کیمیا و حەردەلی بەعسیان شەهید وکەنەفت و ئاوارەی ناوچەکانی دەوروبەر بوون ، هەرچەندە ئەگەر ئەو جەنگەش نەبوایە ڕەفتاری بەعس هەر بەو شێوەیە دەبوو لە کوردستاندا ، بەڵام جەنگەکەش کار یگەرێتیی خۆی هەبوو لە خراپتر بوونی ڕەفتارەکانی بەعس لە کوردستاندا تاوەکو بتوانێت هەرچی چۆنێك بێت بارودۆخی ناوخۆیی خۆی بپارێزێت.

کۆمەڵی نێودەوڵەتی بەهۆی بەرژەوەندیی خۆیانەوە هەمیشە هەوڵی بەرامبەریی جەنگەکەیان دەدا ، بەڵام سەددام و بەعسییەکان هەر لە سەرەتای جەنگەکەوە پەرەیان بە پیشە سازییە سەربازییەکانیاندا و بەشێکی گەورەی سامانی نەوتی کورد وعێراق و بۆ جەی دەوڵەتییان بۆ تەرخان کرد .

دەزگای (التصنیع العسکري) بە هۆی هێنانی کەرەستە و پسپۆڕی شارەزای سەربازییەوە توانی پێشکەوتنێکی گەورە بە دەست بهێنێت، جگە لە دامەزرانی کارگەی دروستکردنی گازی کیمیاوی بە هەموو جۆرەکانییەوە ، هەروەها کرینی نوێترین دەزگای سەربازیی ئەلەکترۆنی و موشەکی دوورهاوێژ

وجۆرەها چەکی فـــرەکوژ و ڕەش بکوژی پێشکەوتووی تر .
ڕژێمـــی بەعـــس بۆ زێتر پەرەپێدانی دەزگای (التصنیــــع العسکري) کەوتە بەر بەکارهێنانی هێندێك هەوڵی ناڕەوا و نـــا مـــرۆڤانە وەکو مـــامـــەڵەی قاچاخچی یە نێو دەوڵەتی یەکـــان و دزینی بەرنامـــە و کەرەستەی سەربازیی ئالۆز و فـــراندنـــــی پســـپۆرە سەربازی یەکان .
جەنگ درێژەی کێشا و دوا بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بـــۆ وەستاندنی ، بڕیاری (٥٩٨) ی ئەنجومـــەنی ئاسایش بـــوو ڕژێمـــی عـــێراق هەرزوو بەزوو بەو بڕیارە سازا بەڵام ئێران هەر وازی لە دروشمـــی (جنك جنك تا پیروزی) نەهێنا ، تا بـــــە ناچاری لە ساڵی ١٩٨٨ ئامـــادە بوونی خۆیی بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو بڕیارە ڕاگەیاند .
جەنگ وەستا ، ئێرانێکی کاول وعـــێراقـــێکی ئابووری ڕووخاو بەڵام بەهێز لە کاروباری سەربازی و جۆرەها و چەندەها چەکی هاوچەرخی فـــرە کوژ کە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ بەرژەوەندیـــی نێودەوڵەتی دا نەدەگونجا و هەڕەشەی لە بەرژەوەندیی ئەمریکا دەکرد لە ناوچەی کەنداودا بە تایبەتی بەرژەوەندیی هاوپـــە یمـــانە ستراتیژی یەکەی کە ئەویش ئیسرائیلە .
عـــێراقێك کە لە جەنگێکی هەشت ساڵەی خوێناوی دا هاتبێتە دەرەوە و بەهۆی دەزگا سوپایی و جبەخانەیی یەکەیەوە ئـــــەو هەڕەشە گەورەیە بکاتە سەر بەرژەوەندیی دەوڵەتانی ئـــەمـــریکا و بریتانیا و ئیسرائیل وچەندانی ترەوە ! ، ئەمـــە لە سیاسەت و هاوسەنگیی نێودەوڵەتی دا شتێکی زۆرە و دەبێت لە لایـــەن ئەو دەوڵەتانەوە سنوورێکی بۆ دابنرێت .

ڕەفتارە بێ سەروبەرەکانی بەعس لە دوای وێستانی جەنگ وەکو خنکاندنی (بازۆفت) کە ڕۆژنامەنووسێکی بریتانی بوو هەروەها هەڕەشەکردن لە ئیسرائیل بەوەی کە نیوەی تەلئەبیب بسووتێنێت کە ئەمە وتەیەکی سەددام خۆی بوو، زیاتر ئەو دەوڵەتانەی هاندا بۆ ئەوەی کە لەهێز و توانای لە ئەندازە بەدەری عێراق کەم بکەنەوە بەوەی کە دەزگا سوپایی و جبەخانەیی یەکەی بەهەرچی شێوەیەك بووە لەناو بەرن . ئەمە جگە لەوەی کە هێزە خۆرئاوایی یەکان دەیانویست بەهۆیەوە جێ پێی خۆیان بە تەواوەتی لە ناوچەی کەنداودا جێگیر بکەن .

هەر لە سەرەتای دروستکردنی دەوڵەتی عێراقەوە کێشەی سنووری لەگەڵ کوەیتدا هەبووە بە حوکمی ئەوەی کە کاتی خۆی هەردوو پێکەوە سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوون .

دەوڵەتانی خۆرئاوا بەتایبەتی ئەمریکا توانییان ئەم کێشەیە زیندوو بکەنەوە، بەتایبەتی لە کاتی جەنگی عێراق ئێراندا، دەوڵەتی کوەیت وەکو پشتێنەیەکی ئاسایش چەند کیلۆمەترێك هاتبووە خاکی عێراقەوە کە چەند چاڵە نەوتێکی عێراقیشی دەگرتەوە و کوەیت بۆ خۆی بە بەرهەمی دەهێنان .

ئەم کێشە سنووری یە و سیاسەتی فراوانخوازیی سەددام و بەعسییان، وای کرد کە دەوڵەتانی خۆرئاوا پیلانێکی نەخشە بۆ کێشراوی بۆ سازبکەن بۆ ئەوەی عێراق بکەن بە گژ کوەیتدا و بەو بۆنەیەوە هێزە سوپایی و تەکنەلۆژی یەکەی عێراق تێك بشکێنن .

عێراق هەر لەکاتی جەنگی عێراق ئێرانەوە نیازی چوونە نێو خاکی کوەیتی هەبوو بەڵام لەبەر سەرگەرمبوون و تووش

بوونی بەو جەنگەوە ئەو کاتە لەبەرژەوەند یی دا نەبوو کە روو بە رووی جەنگێکی تریش ببێتەوە ، بەڵام د وای وەستانی جەنگ کێشەکە زێتر پەرەی سەند بەراد ەیەك کە سەد دا م لە کۆنگرەی بالای عەرەبیدا لە بەغدا لە ساڵی ۱۹۹۰ ، بەراشکاوی هەرەشەی لە کوەیت د ەکرد ٠

کێشەکە بەرە بەرە ئاڵۆز د ەبوو ، هەرد وولا وەفد یان د ەریارەی د ەگۆریەوە ، چەند د ەولەتێکی عەرەبیش کەوتنە نێوبژیی هەرد وولا ، بەڵام بەر لەو گفتوگۆیانە و تەنانەت کۆنگرەی بالای عەرەبیش لە بەغدا ، پیلانی داگیرکردنی کوەیت لە لایەن بەعسییەکانەوە دارێژرا بوو و وەك داوێکی سیاسیش بەڵێن و رەوایەتیی کوەیتیان لە د ەولەتانی خۆرئاوا وەرگرتبوو٠

هەربۆیە لە رۆژی ۲ ی ئابی ۱۹۹۰ دا هێزەکانی عێراق د وا بستی خاکی کوەیتیان گرت و بنەماڵەی (ال الصباح ) یش پەنایان بۆعەرەبستانی سعودی برد ٠

سیاسەتی نێود ەولەتی بەگشتی ئیدانەی ئەو رەفتارەی عێراقی کرد و لە نێو ئەوانیشدا چەند ین د ەولەتی عەرەبی وەك میسر و سوریا وعەرەبستانی سعودی و ٠٠ چەندانی تریش سەبارەت بەو کێشەیە کەوتنە دژایەتی کردنی عێراق ٠

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان پەیتا پەیتا کۆ د ەبووەوە و چەند ین بریاری لە سەر کشانەوە و بژاردنی زیانەکانی کوەیت و سزای نێود ەولەتی و گەمارۆی ئابووریانەی د ژی عێراق د ەرکرد ، د وا بریاری ئەو ئەنجوومەنە بریاری (٦٧٨ ) بوو کە ماوەیەکی د یاریکراوی بۆ هێزەکانی عێراق

دیاری کرد کە ئەگەر نەکشێتەوە نەتەوە یەکگرتووەکان ناچار دەبن کە بەهێزی سەربازی لە کوەیت بیکەنە دەرەوە.

لەدوای ٢ی ئابەوە زۆربەی دەوڵەتانی خۆرئاوا و هەندێک دەوڵەتی عەرەبی پەیتا پەیتا هێزەکانی خۆیانیان دەنارد ە ناوچەی کەنداو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی کە بەکردەوە هێزیان نارد ە ناوچەکە گەیشتە زیاتر لە (٣٠) دەوڵەت، ئەو هێزە جیا جیایانە نوێترین چەکی سەردەمیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا بووە ناوچەکە بریتی بوون لە هێزی ئاسمانی و کەلە کەشتی و هێزی پیادە و زرێپۆش و بە نوێترین پیلان و ڕاداری ئەلەکترۆنی و مووشەکی دوورهاوێژ و چەندین کەرەستەی تری سەربازی هاوچەرخەوە بارگەی خۆیان لەو بیابانە ووشکانەدا خست.

ڕۆژی ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٩١ دوا ڕۆژی مۆڵەتەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش بوو، پێش ئەو ماوەیە دەیان وەفدی نێودەوڵەتی هاتنە عێراق و نەیانتوانی هیچ شتێک لە مەسەلەکە بگۆڕن و عێراق هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە کوەیت بەشێکە لە عێراق و پارێزگای نۆزدەهەمینێتی و لێی جودا نابێتەوە.

سەر لە بەیانیی ١٦ی کانوونی دووەم هێزە هاوپەیمانەکانی دژ بە عێراق هێرشێکی ئاسمانیی زۆر بەهێزیان کردە سەر عێراق و بە تەواوەتی بارودۆخی نێوخۆیی عێراقیان شێواند، نزیکەی مانگێک ئەم هێرشە ئاسمانی یە کاریگەرە بەردەوام بوو کە زۆربەی دامەزراوە ئابووری و سەربازی و ڕێگا بی یەکانی گرتەوە و شیرازەی تێکدان. پاشان هێرشی ووشکانی دەستی پێکرد و لە ماوەی دوو ڕۆژدا هێزە هاوپەیمانەکان

توانی یان عـێراق له کوەیت بکەنە دەرەوە و تا نزیك شارەکانـی ناسریه و کوتیش بێن، هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی جەنگی کەنداوەوە یەکێتیی سۆڤیەتو چین و دەوڵەتانی تری سەربـەوان هەستیان بە مـەترسیی پێداکووتانی دەوڵەتانی خۆرئاوا کـرد لە ناوچەی کەنداودا، بۆیە لە پشت پەردەوە و لەبەر بەرژەوەندی خۆیان کەوتنە جمـوجۆڵ، بۆ وەستاندنی جەنگەکە، لە کاتـی دەست پێکردنی جەنگی ووشکایی یەوە سۆڤییەت نوێنەری خۆیـی نارده عـێراق تا وەکو عـێراق بهێنێتە سەر ئەو بارەی کە لـە کوەیت بکشێتەوە و تەواوی بڕیارەکانی ئەنجوومـەنی ئاسایـش جێ بەجێ بکات، هەرچی چۆنێك بوو (پریمـاکۆڤ) ی نوێنەری گۆربا تشۆف توانی عـێراق بۆ ئەو مـەبەستە بسازێنێت و دەوڵەتانی هاوپەیمـان دوای گرتنەوەی کوەیت و رازی بوونی عـێراق بە جێبەجێ کردنی گشت بڕیارەکان لە ڕۆژی ٢ ی مـارتـدا جەنگەکەیان راگرت، لە کاتێکدا کە لە مـاوەی چەند سەعـاتێکی تردا بەغـدای پایتەختیشیان دەکەوتە دەست .

جەنگەکە وەستا و عـێراق تێیدا بە ئابووری یەکی تەپیو و نەمانی زۆربەی زۆری دامـەزراوە ئابووری و نەوتی و سەربازی و ژیانی و ڕێگایی یەکانەوە هاتە دەرەوە جگە لە دەستدانی دەیان هەزار سەربازی خۆی و هەلاّتنی سەدان هەزار سەرباز و بەدیـل گیرانیان لەلایەن هێزە هاوپەیمـانەکانەوە .

## بەشی سێیەم

# ڕاپەڕینەکەی عێراق و قۆناغی نائومێدی

هەر بەوەستانی جەنگەکە ناوچەکانی عێراق پشێویی تێکەوت و جەماوەری ڕاپەڕیوی شارەکانی بەسرە و کوت و عەمارە و نەجەف و کەربەلا و دیوانیە توانییان بەرە بەرە دەست بەسەر هەموو دامەزراوە دەوڵەتی و سەربازییەکانی بەعسدا بگرن و لە ڕەگ و ڕیشەوە دەریانبهێنن ٠

سەرەتا ناوچەکانی باشووری کوردستان وەک خۆی مایەوە و هیچ پشێوی و پێکدادانێکی بە خۆیەوە نەبینی ٠

هەر لە ساڵی ١٩٨٨ ەوە و پاش وەستانی جەنگی عێراق ئێران و بە هۆی ئەنفالە شوومەکانی بەعسەوە سەدان هەزار منداڵ و ئافرەت و پیر و لاوی کورد بێ سەروشوێن و ٠٠٠ شەهید و پەراگەندەی ئۆرد وگا زۆرەملێکان بوون و بەعسییە داگیرکەرەکان پاشماوەی گوندە کوردییەکانیان نەهێشت و بەرە بەرە ناوچە ڕزگارکراوەکانی پێشمەرگەش بەرە و کەمی دەچووەوە و ڕژێم قایمکاریی سەربازیی خۆیی تێدا دەکرد تا وای لێهات کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناچار پاشەکشەی لە ناوچەکانی خۆی کرد بۆ ئەودیوی سنوور ٠

کوردستانی باشوور بە بێ گوند و بە بێ پێشمەرگە مایەوە ، بەرامبەر دوژمنێکی سەرسەختی وەک بەعس، کە هیچ کاتێک لە کوشتن و بڕینی بەکۆمەڵ و کیمیاباران و گرتن و ئازاردان و ڕاگواستن و ڕووشانی کەرامەتی نەتەوەیی کورد ،

سلّی نەکرد ووەتەوە ، کۆمەڵانی خەڵکی کورد ستانی باشوور لە دوای ئەنفالە شوومەکانەوە لە چەند ناوچەیەکی نیشتەنیی زۆرە مەلێدا کۆکرابوونەوە کە ژمارەیان لە (١٥ ــ ٢٠) ناوچە تێنەدەپەڕی .

وە نەبێت بەعس بە کۆنترۆڵ کردنی تەواوی چیاکانی باشوری کورد ستان و کردنە دەرەوەی هێزی پێشمەرگەی کورد ستان وازی لە کردارە دڕندانەکانی خۆی هێنا بێت، بەڵکو بەردەوام و بگرە خراپتریش لەوسا کەوتە گیانی خەڵکی بێتاوانی کورد ، بەبێ ئەوەی هیچ بەرهەڵستییەکی چەکدارانەی کاریگەر هەبێت.

لەبەر ئەو هۆیانە دەتوانین نێوان ساڵەکانی ١٩٨٨ تا ١٩٩١ نێو بنێین قۆناغی نائومێدی چونکە خەڵکی کورد ئەمجارە بە گشتی دەربارەی ڕووخانی بەعس و بزووتنەوەی کوردایەتی و پێشمەرگە بێ هیوا ببوون ، ئەم قۆناغەش زۆر دڕێژەی کێشا و ئەگەر جەنگی کەنداو کۆتایی پێ نەهانیایە زیانێکی زۆر گەورە لە بزووتنەوەی کوردایەتی دەکەوت و هەموو هەوڵێکی داهاتوومان لە یەکەم هەناسەوە دەخنکێنرا .

سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی جەماوەری ، لە عێراقدا و دواکەوتنی لە باشووری کورد ستاندا مانای ئەوە نییە کە خەڵکی ئەو ناوچانە ، لە ناوچەکانی باشووری کورد ستان شۆرشگێرترن ! بێگومان نەء : هۆی دواکەوتنی ڕاپەڕینی خەڵکی کورد ستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیانەی خوارەوە :ــ

١ــ درێژە کێشانی قۆناغی نائومێدی کە چوار ساڵی

خاياند ، بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکی کورد باوەڕی بە ڕووخانــــی ڕژێم نەمــێنێت بەمــزووانە ، بۆیە ڕاپەڕینی جەمــاوەریـــــی بـــە کارێکی بێ هوودە دەزانی ٠

٢ــ هێرشی ئاسمــانیی هاوپەیمــانەکان و هێرشی ووشکاییی زێتر بووە هۆی وێرانکردنی شارەکانی عــێراق بەهۆی بوونــــی زۆربەی دامــەزراوە ئابووری و سەربازی‌یەکان لەو ناوچانـــەدا وکەمــی‌یان لە باشووری کورد ستاندا ، جگە لەشاری کەرکــوك ٠ ئەو هێرشە ئاسمــانی و ووشکاییی‌یانە بووە هۆی وێرانبوونــــی زۆربەی شارەکانی عێراق وکوشتن و مــاڵوێرانی‌یەکی زۆری بـــە دواوە بوو بۆ خەڵکەکە و ئەوانیش لە ناوچاوانی بەعــــسیـــان دەزانی نەك هێزی دەوڵەتە هاوپەیمــانەکــان ٠

٣ــ گەمــارۆدانی ئابووری زێتر کاری کردە سەر ناوچەکانـــی عێراق وەك لە باشووری کورد ستان ، چونکە کۆمــەلانی خەڵکـــی کورد ستان هەر لە دەمــێکەوە ئاشنایەتی‌یان لەگەڵ ئـــــــەم سیاسەتەدا پەیدا کرد ووە بە هۆی ئەزمــوونەکانی ڕابرد ووە وە ٠ هەر لەم بیست ساڵەی دواییدا باشووری کورد ستان چــــوار گەمــارۆی ئابووریی بەخۆیەوە دیوە کە یەکەمــینیان لە شــۆڕشـی ئەیلوولدا و دووەمــیان پاش هەرەس و بزووتنەوەی نوێ و ســێ یەمــیان لە جەنگی عێراق ئێراندا و چوارەمــینیشیان گەمــارۆی ئابووریی نێو دەوڵەتی ٠ لەبەرئەوە خەڵکی کورد هەمــیشــــە سپێری خۆیی لە ئازووخەو پێداویستی‌یەکانی ژیان خــــستووە و وەك دابو نەریتی کورد ەواریش کورد هەمــیشە ئازووخەی ساڵێکی

هەبووە، پاشان لەکاتی گەمارۆی نێودەوڵەتیشدا خەڵکی کورد بە هۆی نزیکی یان لە ناوچە سنووری یەکانەوە توانی یان زۆربەی پێداویستی یەکانی خۆیان لە بەشەکانی دیکەوە بەدەست بهێنن و لەوێشەوە هێندێکیان ڕەوانەی عێراق دەکرد بەڵام بە نرخێکی زۆر گران و خەیاڵی .

خەڵکی عێراق جگە لەوەی لەگەڵ ئەم سیاسەتەدا نەگونجابوون، نەشیاندەتوانی پێداویستی یەکانی ژیان جگە لەوەی کە ڕژێم دابەشی دەکرد و لە کوردستانەوە بۆیان دەچوو لە هیچ شوێنێکی تری دیکە بە دەستی بهێنن، لەبەرئەوە برسێتی یەکی زۆر لەو ناوچانەدا بڵاو بووەوە و هۆیەکی گرنگی ڕاپەڕینەکەی عێراق بوو .

٤ـ زۆربەی دەنگوباسەکانی هاوکات لەگەڵ جەنگی کەنداردا وای ڕادەگەیاند کە عێراق لە ئەنجامی ئەو جەنگەدا دابەش دەکرێت و کورد یش دەبێتە دەوڵەت، لەبەرئەوە خەڵکی کورد دەیانگووت پێی ناوێت ئێمە جارێکی تر خۆمان بخەینە داوی ڕاپەڕین و شۆڕشەوە و کاری ئێمە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا مەیسەر بووە، هەروەها چاوەڕێی ئەنجامی ڕاپەڕینەکانی عێراقیان دەکرد و دەیانویست بزانن چیی بەسەر دێت، تەنانەت قسەی سەر زاری خەڵکی کورد لەو ڕۆژانەدا ئەوە بوو دەیانگووت ئێمە زۆرمان کرد ، با ئەوانیش هێندێك بکەن و بەعس بڕوخێنن .

## بەشی چوارەم
## ڕاپەڕینەکەی باشووری کوردستان

جەماوەری کورد هەرتوانی چەند ڕۆژێك خۆی ڕاگیر بکات دوای ڕاپەڕینی شارەکانی عێراق ·

لە کاتی دەستپێکردنی کێشەی کوەیت و جەنگی ئەنداودا سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی بڕیارێکی سیاسیی دەربارەی ئەو جەنگە دەرکرد و تێیدا دەڵێت کە ئێمە تەواوی چالاکییە پێشمەرگەیی یەکانی خۆمان دەوەستێنین تاوەکو جەنگە کە لایەکی بە لایەکدا دەکەوێت ! ، لەبەرئەمە چەند ڕۆژێکیش بە سەر ڕاپەڕینەکەی عێراقدا تێپەڕی و باشووری کوردستان هەربە ئارامی مایەوە ، لەرۆژی ۱۹۹۱/۳/۵ جەماوەری ڕاپەڕیو و هێزی پێشمەرگەی کوردستان پەتی چاوەڕوانی یان پچڕی و هەڵیانکوتایە سەر دام و دەزگاکانی بەعس و شاری (ڕانیە ) یان ڕزگار کرد و ڕانیە بووە خاڵی گەشەو بڵاوبوونەوەی ڕاپەڕینەکە تاوەکو زۆربەی ئۆردوگا زۆرە ملێکان و شار و شارۆچکەکانی تری کوردستانی گرتەوە ·

ڕۆژی ۷ــ۱۹۹۱/۳/۸ بەهەمان شێوە جەماوەری ڕاپەڕیو و هێزی پێشمەرگەی کوردستان شاری سلێمانییان ڕزگار کرد و تەواوی ئۆردوگا و شارۆچکەکانی دەور و بەریشی گرتەوە · لە ڕۆژی ۱۱ ی مارتی ۱۹۹۱ شاری هەولێر و ناوچەکانی دەور و بەریشی ڕزگارکرا · پاشان لە ڕۆژی ١٤ ی مارتدا شارەکانی دهۆك و زاخۆ و ئاکرێ و زۆربەی ناوچەکانی تری

باد ینانیش رزگار کرا •

رۆژی ۱۹ ی مارتی ۱۹۹۱ پێشمەرگەی کورد چووە نێـو شاری کەرکوکەوە و هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر مۆلگاکانی بەعس و ئەو شارەی کە سەدان ساڵ بوو شتی وای بە خۆیەوە نەدیبوو لە رۆژی ۲۰ ی مارتی ۱۹۹۱ دا بەتەواوی کەوتە ژێر دەستی هێزی پ • م ی کورد ستانەوە و جەماوەری شاری کەرکوك بۆ یەکەمجار بەو شێوە ئازادی یە یادی نەورۆز و ئاگرەکەی لەگەڵ پێشمەرگەدا دەکردەوە و زۆربەی ناوچەکانی باشووری کورد ستان رزگار کرا •

هۆیەکانی راپەرینەکە سەرباری جەنگی کەنداو بەکەمـا رۆی ئابووری و برسێتی و مالوێرانی یەوە ، دەتوانین بیگەرێنینەوە بۆ رەفتار و تاقی کردنەوە تالەکانی کورد لەگەڵ بیست ساڵ حوکمی بەعسدا کە رۆژ بە رۆژ و ساڵ بە ساڵ کۆد ەبوونەوەو کینەی تولە سەندنەوەی کوردی ئەستوور تر دەکرد ، تا وای لێهات کە لەماوەی تەنها دوو هەفتەدا بەعس لە کورد ستاندا بکەنە دەرەوە و تۆلەی بەشێکی تاوانە کلاوەکانی بەعس بکەنەوە •

راپەرینەکەی ئازاری ۱۹۹۱ پیرۆزترین و مەزنترین راپەرینی مێژووی نوێی خەباتی رزگاریخوازانەی کوردە و دەشێت پێی بلێین (راپەرینی راپەرینەکان) لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :—

۱— راپەرینەکەی مارتی ۱۹۹۱ رووداوێك بوو کە ئاستی شۆرشگێرێتیی نەتەوەی کوردی پیشاندا و شتێکی چاوەروان نەکراو

بوو بەو شێوە مەزنی یەی ، بەتایبەتی کە کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکەی ماوەی چوار ساڵ بە قۆناغی نائومێدیدا تێپەڕی بوو، هەروەها کورتیی ماوە و خێرایی ڕووداوەکان لە هەموو ڕاپەڕینەکانی تری مێژووی خەباتی کوردایەتی جیادەکاتەوە ٠

٢ــ بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی نوێی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردا کە ڕاپەڕینێکی وا مەزن بەرپا ببێت و زۆربەی زۆری ناوچەکانی بەشێك لە بەشەکانی کوردستان کە ئەویش (باشووری کوردستانە ڕزگاربێت)، زیاتر لە ٧٥ ٪ ی خاکی ئەو بەشەی کوردستان کەوتە دەست جەماوەری شۆڕشگێڕ و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ٠

٣ــ بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی نوێی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردا کە شاری کەرکوکی زێڕی ڕەش کە هەر لەدەمێ ساڵەوە کایەی ململانێی کورد بوونێتی لە نێوان شۆڕشی کورد و داگیرکەردا ، ڕزگار بکرێ و بکەوێتە دەست هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە ٠ کەرکوکیش ئەو شارەیە کە لە کۆنەوە مەڵبەندی کوردایەتی و ناودارانی کورد بووە و ناوچەیەکی ستراتیژیی زۆر گرنگی نەك هەر کوردستان و خۆرهەڵاتی نزیکە بەڵکو ڕێژە و جۆری بیرە نەوتەکانی نێوبانگێکی جیهانیی هەیەو بارزانیی نەمر لە خۆڕا نەیگووتووە کە " (کەرکوك دڵی کوردستانە، هەر کاتێك مرۆڤ توانی بە بێ دڵ بژی ! ئەو کاتە دوژمن دەتوانێت کەرکوك لە کوردستان جیا بکاتەوە ) "

بەڵێ کەرکوك دڵی کوردستانە وکورد بوونیشی ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە، ڕزگارکردنی شاری کەرکوك لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١دا هێندەی تر شەرەف و مەزنایەتی و نەمرێتی بەو ڕاپەڕینە دەدات و نۆڵێکی خەباتە و لە سنگی مێژووی کوردی دەدات •

٤ـ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژێکەوە بە ڕووناکبیر و شۆڕشگێڕ و خەڵکی سادە و تەنانەت جاشەوە، بە کەسانی بەلایەن و بێ لایەنەوە، بە دەوڵەمەند و هەژار و جووتیار و سەپان و کرێکارەوە بەشداریی ڕاپەڕینەکەیان کرد و هەموو بە جارێك هەڵیانکوتایە سەر دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس و ڕماندیان بەسەر کەللەی پوچیاندا، ئەو ڕاپەڕینە بیانووی ئەو کەسانەی نەهێشت کە دەیانگوت "شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد هەمیشە چینی بۆرژوا و عەشایەری کورد ڕابەرایەتیی کردووە"، بەڵکو تەواوی چین و توێژەکان پێی هەڵستاون و کرێکاریش لە نێویاندا هەبوو بەڵام نەك بەو شێوەیەی کە هەر خۆیان بە تەنێ ڕابەرایەتیی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد بکەن •

ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ سەلماندی کە جەماوەر خاوەن هێزێکی لەبن نەهاتووی نەتەوەن و شۆڕش و ڕاپەڕینیش لەوانە و هەر بۆ ئەوانە، جەماوەر هۆیەکی سەرەکیی فراوانبوونی خێرای ڕاپەڕینەکە بوو چونکە هەموو بە یەك بیر و بە یەك دەست لە سەنگەرێکدا بەرامبەر دوژمن وەستان •

٥ـ زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بەشداریی

ڕاپەڕینەکەیان کرد و هیچ لایەنێك بە تەنها حۆی بە خاوەنی ئـەو ڕاپەڕینە نەدەزانی ، بەڵکو ڕاپەڕینەکە هی جەمـاوەری شۆڕشگێڕی کوردستان بوو لایەنەکان بە نێوی "بەرەی کورد سـتانی یـەوە " ڕابەرایەتی و ڕێکیان دەخست .

٦ــ چەند ین دەستە لە پێشمـەرگەکانی کوڕانی نەتەوە لــــە بەشەکانی تری کورد ستاندا بەشداریی ڕاپەڕینەکەی باشــووری وولاتیان کرد ، کە ڕووخسارێکی نەتەوەیی یانەی فــراوانـــی بەخشی یە ڕاپەڕینەکە و سەلمـاندی کە داگیرکەری باشووری ولات داگیرکەر و دوژمـنی هێزی پێشمـەرگە و جەمـاوەری بەشەکانـی دیکەشە .

٧ــ جەمـاوەری ڕاپەڕیوی کورد هەموو بەیەك بیر و بۆچــوون هەڵستان بە ئەنجام گەیاندنی ڕاپەڕینەکە ، کە ئەویش بـیـــری کوردایەتی یە و دەرکردنی داگیرکەرە لە خاکی هەزاران ساڵــەو لە مـێژینەی کــورد .

٨ــ ڕاپەڕینەکە لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتـــی یەوە پشتگیری یەکی باشی لێوە کرا و گرنگی یەکی تایبەتی یان پێدا ، کە بووە هۆی ئەوەی کە "دەنگی کورد بە جیهان بگات و ڕای گشتی جیهانی بەتەواوەتی ئاگاداری سات بە ساتی ڕاپەڕینەکە ببـــن" بە هۆی ئەو ڕیپۆرتاژە دوور و درێژانەی کە ئێزگە و ڕۆژنامـــەو تەلەفزیۆنە جیهانی یەکان لەسەر ڕاپەڕینەکە بلاویان دەکردەوە .

٩ـ لە ئەنجامی ڕزگاربوونی زۆربەی ناوچەکانی باشووری وڵاتەوە، لە نێو ڕای گشتیی جیهاندا دەنگوباسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بە تەواوی بڵاوبووەوە، کەبووە هۆی ئەوەی کە زێتر هەستی نەتەوەیی یانەی کورد بەرز بێتەوە و بزانێت کە کورد نەتەوەیە و مافی دەوڵەتی هەیە، ئەمە جگە لەوەی کە ڕاپەڕینەکە کارێکی گەورەی کردە سەر بیر و بزووتنەوەی کوردایەتی لە بەشەکانی تری کوردستاندا و گوڕ و تین و هیوایەکی تریشی پێ بەخشین ٠

١٠ـ لە دێر زەمانەوە کورد هەوای ئازادیی هەڵنەمژیبوو، ڕاپەڕینەکە بووە هۆی ئەوەی کە نەتەوەی کورد لە بەشێکی خاکەکەیدا ئەگەرچی ماوەیەکی کاتی و کەمیش بوو، تامی ئازادی بچێژێت و بزانێت کە چ هەستێکی مەعنەویی مەزنە و ئەگەر چی لە دەستیشی بدات، بەردەوام و بەردەوام خەباتی بۆ بکاتەوە ٠

١١ـ ئازادکردنی دەیان هەزار دیلی ڕاپەڕینەکە کە زۆربەیان خەڵکی عێراق بوون و هەستکردنیان بەو ڕاستییەی کە کورد نەتەوەیەکی دڕندە و پیاوکوژ نییە و ڕەوشت و ڕەفتاری پێشمەرگەش بەو جۆرە نییە کە بەعس خستبوویە مێشکیانەوە ٠

ئەوەی شایانی باسە زۆربەی ئەو دیلانە چەند هەفتەیەك لە لایەن خەڵکی کوردەوە میوانداری کران و ڕێزیان لێگیرا لە کاتێکدا کەگەماروی ئابووری ناوچەکانی کوردستانیشی دەگرتەوە ٠

١٢ـ لە ئەنجامی دژە هێرشەکانی بەعس بۆسەر ناوچە ڕزگارکراوەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، جەماوەری شۆڕشگێری کورد سەرباری ئەو بارە ئابووری‌یە ناهەموارە ڕۆژانە دەیان تۆن نان و خواردەمەنیی ئامادەکراویان لە شارەکانەوە دەنارده بەرەکانی نەبەرد، کە زێتر گیانی هاوکاری و هاوئاهەنگیی نێو کوردەواری دەسەلمێنێت لە پێناوی ڕزگاری و سەرفرازیی کوردستاندا ٠

١٣ـ ڕاپەڕینەکە بۆ تەواوی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردی سەلماند کە بار و بارگەیان لە خاکی کوردستاندا شتێکی کاتی‌یە و دەبێت داگیرکەران یەك لەدوای یەك بەودەردە بچن کە بەعس تووشی بوو، ئەگەرچی بەعسیش جارێکی دیکە بێتەوە ئەو ناوچانە بەڵام ئاستەمە جارێکی تر بیریان بچێتەوە کە پیاوەکانیان پێش‌خۆیان چی‌یان بەسەر هات و چارەنووسی ئەوانیش هەر ئەنجامی ئەوانە ٠

## بەشی پێنجەم

## پەیوەندیی ڕاپەڕینەکەی عێراق بە باشووری کوردستانەوە ئاکام و کاریگەرێتییەکانیان لەسەر یەکتری

هەروەکو چۆن شۆڕشەکەی شێخ مەحمودی نەمر بەشێك نەبوو لە شێخ شەعلان و شۆڕشی ١٩٢٠ ی عێراق، بەهەمان شێوە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ یش بەشێك نییە لە ڕاپەڕینەکەی هەمان سالّی عێراق، بە هۆی نەبوونی بازنەیەکی سیاسی و کارویاری شۆڕشگێرانە لە نێوان کورد و جەماوەری عێراقدا. بووە هۆی ئەوەی کە ڕاپەڕینەکە لە عێراق و باشووری کوردستاندا یەکگرتوونەبێت و لە هیچ کام لە ناوچە سنوورییە نەتەوەییەکەمان دا جەماوەری شۆڕشگێری کوردستان و جەماوەری عێراق، تێکەلاّویان بەخۆیانەوە نەبینی تاوەکو هەرد وولا بەیەکەوە دژی ڕژێم بوەستنەوە و هەروەها نەبوونی چەند حیزبێکی شۆڕشگێر لە عێراقدا تاوەکو لەگەلّ بەرەی کوردستانی و جەماوەری کوردستاندا خۆیان یەکبخەن و ڕووخسارێکی سەرتاسەری بە هەردو ڕاپەڕینەکە بدەن ٠

پاشان ڕاپەڕینەکەی جەماوەری کورد زیاتر ڕاپەڕینێکی نەتەوەییانە بوو کە کۆمەلاّنی خەلّك پێی هەلّسان و بە هیچ جۆرێك پەیوەندیی بە ئایین و ئایینزاکانەوە نەبوو، بەلّکو لە دژی چەوساندنەوەی نەتەوایەتیمان بوو، لە کاتێکدا کە ڕاپەڕینەکەی عێراق بە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا ڕووخساری ئایینزایانەی "شیعە"ی پێوە دیار بوو نەك نەتەوایەتی، یارمەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش باشترین بەلّگەیە بۆ سەلماندنی

ڕووخساری ئەو ڕاپەڕینە • پاشان ڕاپەڕینەکەی باشووری کوردستان تەواوی ناوچە کورد نشینەکانی گرتەوە، بەلام لە ناوچەکانی عێراقدا بەو شێوەیە نەبوو، بەتایبەتی ناوچەکانی باکووری (مەبەستم لە شارەکانی بەغدا و تکریت و باشووری موسڵ و بەعقوبەیە) کە هیچ پشێوی یەکی ئەوتۆی تێدا ڕوونەدا •

لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین کە ڕاپەڕینەکەی عێراق با بەماوەیەکیش پێش ڕاپەڕینەکەی باشووری کوردستان بەرپا بووبێت، ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە ڕابەرایەتیی ڕاپەڕینەکەی کوردی کرد بێت و یاخود بەشێك بێت لێی و یان بە هەرد ووکیان بگووترێت "ڕاپەڕینەکەی عێراق" ! ، نەخێر بەڵکو ڕاپەڕینەکەی باشووری کوردستان ڕاپەڕینێکی سەربەخۆیە و خاوەن پێناسێکی تایبەتیی نەتەوەیی یانەیە •

ئەوکاتەی کە جەماوەری شۆڕشگێر و هێزی پێشمەرگەی کورد بە ڕزگارکردنی شاری کەرکوکەوە خەریك بوون، ڕژێم زۆر د ڕندانە کەوتە گیانی ڕاپەڕینەکەی عێراق و هەرچی چۆنێك بێت تەواوی ئەو شارانەی گرتەوە و ڕاپەڕینەکەیانی سەرکوت کرد ،لە ئەنجامی ئەو هێرشەی ڕژێم دا کە هێزەکانی (الحرس الجمهوري) پێی هەڵستان، دەیان هەزار خەڵکی بێ چەکی ئەو ناوچانە شەهید بوون و سەدان هەزاریش وەك پەناهاندە ئاوارەی ناوچەکانی ترو ئێرانی دراوسێ یان بوون، جگە لەو وێرانکاری و تالان و بڕۆیەی کە سوپای "عروبة" لە خاکی عەرەبدا بە ئەنجامی دا کە مۆری خیانەتکاری یە بەنا و چاوانیانەوە و لەکەیەکی مێژوویی یە بە کارنامەی ڕەشیانەوە •

راپەرینەکەی عێراق کوژێنرایەوە ، رژێم توانی ئەگەرچی بە نیوە
ناچڵیش بێت جارێکی تر جڵەوی ئەو ناوچانە بگرێتەوە دەست و
کێشەیەکی ئەوتۆی نەمێنێت لە عێراقدا و ئنجا سوپای عروبە
بەرەو کوردستان ببزوێنێ و بە یارمەتیی جاش میلیشیای
"مجاهدینی خەلق" ، کە نموونەی (نکران الجمیل )و
نمەك حەرامین و بە جۆرەها چەکی پێشکەوتووی سەردەم
بکەونە گیانی ئەو نەتەوەیەی کە چەندین ساڵە پەنای داون و لە
بێ ناوچەی رزگارکراوی یاندا بە خاك و ئاوی کوردەوە شۆرش
بکەن ، بەو رەفتارەیان یەکێك لە گڵاوترین لاپەرەی مێژوویان
هەڵدایەوە و هەتا ببن راست و چەپی نمحلەتە بە رووخساری
خۆیان و رابەرانیانەوە .
سەرەتا رژێم و جاش میلیشیا هێرشیان کردە سەر کەرکوك و
ناوچەکانی دەور و بەری ، لە رۆژی ۲۷/۳/۱۹۹۱ پاش ئەوەی
کە هێزی پێشمەرگە بۆ ماوەی تەنها یەك هەفتە حوکمی
کەرکوکی کرد لەلایەن رژێمەوە لێی سەند رایەوە و بۆ جارێکی تر
دڵی کوردستان کەوتەوە دەستداگیرکەر و شارەکانی دهۆك و
زاخۆ و ئاکرێ و ناوچەکانی تری بادینانیش بەو شێوەیە داگیر
کرانەوە . لە رۆژی ۳۱ی مارتی ۱۹۹۱ یشدا هەولێر درا بە
دەستەوە و روژی ۳ ی نیسانیش هێزی پێشمەرگەی کوردستان
پاشەکشەی لە شاری سلێمانی کرد .
بەو شێوەیە جارێکی تر شارە گەورەکانی باشووری کوردستان
کەوتنەوە دەستی داگیرکەر و ئەو راپەرینە مەزنە نزیکەی "۲۸ رۆژی"
خایاند و بەو ئاکامە ناسۆراوی یە گەیشت و سەدان هەزار خەلکی
کورد لەهەر دەرچەیەکی سنووری یەوە ئاوارەی شاخ و کێوو
کونە ئەشکەوتەکان بوون .

## بەشی شەشەم
## هۆیەکانی سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکە

گرتنەوەی شارەکان لە لایەن داگیرکەرانی بەعسەوە و سەرنەکەوتن و بەردەوام نەبوونی ڕاپەڕینەکە دەتوانین بۆ ئەم هۆیانە بگەڕێنینەوە :ـ

یەکەم :ـ هۆیە نێودەوڵەتییەکان یاخود (دەرەکییەکان) کە ئەمانەن :

١ـ ناراستیی ئەو سەرژمێریانەی کە هێزە هاوپەیمانەکانی دژ بە عێراق بڵاویان دەکردەوە دەربارەی ئەو زیانە سەربازییانەی کە لە عێراق کەوتبوو لە کاتی جەنگی کەنداودا بەتایبەتی سەرژمێرییەکانیان لەبارەی هێزەکانی (الحرس الجمهوري) یەوە کە دەبوایە زۆربەی زۆری تێك شکابایە، بەڵام لە کاتی دژە هێرشەکانی بەعس بۆ سەر ناوچە ڕزگارکراوەکان، دەرکەوت کە ڕژێم هێشتا گوڕی سەربازیی زۆر پێماوە، بەتایبەتی تەشکیلاتی (الحرس الجمهوري) کە تەواوی شارە گەورەکانیان گرتەوە، لە کاتێکدا کە جەماوەری کورد بە پشتی تێك شکاویی هێزە سوپاییەکانی عێراقەوە بەو ڕاپەڕینە هەڵستا .

٢ـ بەشداریی هێزی ئاسمانی و کوپتەرەکانی داگیرکەر لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە و گرتنەوەی شارەکاندا، هەرچەندە بە پێی بڕیارەکانی "ئەنجوومەنی ئاسایش" کە لەکاتی جەنگی

کەنداودا دەرچوو بوو بەکارهێنانی ئەو چەکانە قەدەغە بوو ! .

٣ـ راپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ ی باشووری کوردستان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا وەك راگەیاندن پشتگیری لێکرا ، نەك وەك سیاسەت، کورد لەکاتی بەئەنجام گەیاندنی راپەڕینە کە و بەرگری لێکردنیشی لەکاتی دژە هێرشەکانی داگیرکەردا هیچ کۆمەك و یارمەتییەکی نێودەوڵەتیی نەدرا لە بارەی کۆمەکی مادی و چەك و تەقەمەنییەوە .

٤ـ بەرگری کردن لە راپەڕینەکە و ناوچە رزگارکراوەکان تەنها بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەبوو چونکە دژایەتیی کورد و داگیرکەر لە چوارچێوەی شەڕی پارتیزانی دەرچوو بوو ، دامەزراندنی دەوڵەتی کورد پێش لەگەڵ بەرژەوەندیی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا نەدەگونجا و هەڵبەت بەرژەوەندییان لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکارەکانی کوردا زۆرترە تا وەکو لەگەڵ دەوڵەتی کوردیدا .

٥ـ بەهۆی دەستتێوەردانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە کاروباری نێوخۆیی ، بەتایبەتی لە راپەڕینەکەی عێراقدا ، بووە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتانی خۆرئاوا بەتایبەتی هاوپەیمانەکان کارێکی وا بکەن کە راپەڕینەکەی عێراق سەرکوت بکەن چونکە دامەزراندنی رژێمێکی تری ئایینی شان بە شانی ئێران دەبێتە هۆی لێدانی زیاتری بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەی کەنداودا ، پەیوەندییەکی راستەوانەش هەیە لە نێوان راپەڕینە

کەی باشووری کوردستان و عێراقدا ، چونکە لاواز بوونی هەر لایەکیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕژێم بتوانی تەواوی هێزەکانی لە دژی ئەوی تر بەکاربهێنێت بە بێ ئەوەی خەریکی لایەکی تر بێت. سەرەتا ڕاپەڕینی خەڵکی عێراقی سەرکوت کرد پاشان توانی تەواوی هێزەکانی بەرە و کوردستان ببزوێنێت .

٦ــ ڕژێمی تورکیا ، بەشداری یەکی گەورەی لە جەنگی کەنداودا کرد بەوەی کە فڕۆکەخانەی سەربازیی (ئینچەرلیك) ی خستە خزمەتی ئەو جەنگە و هاوپەیمانەکان لەوێوە زەبری قورس و کاریگەریان لە دامەزراوە ئابووری و سەربازی یەکان دەدا ، ئەمە جگە لەوەی کە تورکیا یەکێکە لە ئەندامەکانی پەیمانی "ناتۆ"ی خۆرئاوا و بەرژەوەندیی تورکیا هاوچەشنە لەگەڵ بەرژەوەندیی دەوڵەتانی خۆرئاوادا .

هەڵگیرسانی ڕاپەڕینەکەی باشووری کوردستان کارێکی زۆر ترسناکی کردە سەر باروودۆخی ناوخۆیی تورکیا ، بە تایبەتی کە یەکەم دەوڵەتە کە بەشێکی گەورەی کوردستانی خرا بێتە سەر کە ئەویش باکووری کوردستانە .

لە ئەنجامی ڕاپەڕینەکەی باشووری کوردستان پشێوی یەکی گەورە لە باکووری کوردستاندا خەریك بوو دروست ببێت و چاوەڕوانی ڕووداوی گەورە دەکرا کە لە باکووری کوردستاندا بقەومێت، لەبەرئەوە ڕژێمی تورك خێرا کەوتە خۆ بۆ دەرکردنی چەند بڕیارێك تاوەکو ئارامیی ناوچە کوردی یەکان بپارێزێت، بەوەی کە بەرەسمی دانی بەبوونی کورد و زمان و کولتووری کوردی دا ناکە دەتوانین دەرچوونی ئەو بڕیارانە لە

لایەن رژێمی تورکەوە بە یەکێك لە بەرو بوومەکانی راپەرینەکەی باشووری کورد ستانی دابنێین ٠

سەرکەوتنی راپەرینەکەو پشتگیری کردنی لە لایەن سیاسەتی نێودەوڵەتی یەوە هەر بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ودان پێدانانی دەبوو لە لایەن ئەو دەوڵەتانەوە، کە ئەمەش زیانێکی زۆر بە بەرژەوەندی یەکانی تورکیای ناتۆ دەگەیەنێت و هەروا و پەیمانەکان لەبەر خاتری چاوی کاڵی کورد واز لە تورکیا و بەرژەوەندی یەکانیان ناهێنن تێیدا ٠

٧ــ هەروەکو رەفتاری زلماکی یانەی خۆیان رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش لە کاتی دەستپێکردنی دژە هێرشەکانی بەعس بۆ سەر باشووری کوردستان سەرەتا لە هەڵوێستی بێدەنگی دا بوون ورژێم بە ئارەزووی خۆی ملی بە هێزەکانی دەدا ٠ کەچی هەر ئەو رێکخراوە پێش چەند مانگێك چەندین بریاری دژی رژێم دەرکرد بەهۆی داگیرکردنی کوەیتەوە لە کاتێکدا کە هەموو خاك و نیشتمنیی کوەیت بە ئەندازەی تاکە شارێکی باشووری کوردستان نابێت ؟ ٠

دووەم :ــ هۆیە نێوخۆیی یەکان (کوردستانی و تا رادەیەك عێراقی) ٠

١ــ کورد ، رابردوو و چەندین تاقی کردنەوەی تاڵی لەگەڵ بەعسدا هەیە و لە ئەنجامی پێکدادانەکانی کورد و بەعس سەدان هەزار شەهید و هەزاران گوند کاولکران ، بەکارهێنانی

چەکی کوشندەو قەدەغە کرا و ئەوە هەر باس ناکرێت ٠
بەعس،کە دژە هێرشەکانی کردە سەر شار و ناوچە ئازاد کراوەکان ، لە کورد وابوو کە ئەمجارەش بەعس بە کیمیاوی و گازی خەردەل و بۆمبای ناپاڵم وعونقودی و چی و چیی تر دێتە سەر ناوچە رزگارکراوەکان و هەروەك ئەنفالەکان رەفتار دەکاتەوە لە بەرئەوە ، جەماوەری کورد هەرگیز بەتەمای ئەو هێرشانە نەبوو بەوحیسابەی کە رژیم ئەو توانایەی نەماوە ، بەلاّم لەکاتی دەستپێکردنی دژە هێرشەکانی رژێم دا بووە شتێکی چاوەڕواننەکراو بۆ خەلّك و وورەی جەماوەر بەجارێك هاتە خوارەوە و لەترسی ڕەشەکوژیی بەعسیان توانای بەرگری کردنیان نەما و کاریشی کردە سەر مەعنەویاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە وەك پێویست و دابونەریتی کوردانەیان بەرگریی هێرشەکانیان نەکرد ٠

٢ــ جێی داخە کە شۆڕشی کورد و بزووتنەوە رزگاریخوازانەکەی هیچ کاتێك کارێکی پێویستی لە شوێنی خۆیدا نەکردووە یاخود هەر پێی هەڵنەستاوە ٠ لای هەمووان ئاشکرایە و پێویستییەکی مێژووییشە بۆ شۆڕش و بزووتنەوەی کورد کە لەشکری شۆڕشگێری کوردستان دابمەزرێت و تەیارکرێت بە هەموو جۆرە چەکێك و بیرێکی سەربازی ، بەلاّم ئەم پڕۆژە مەزنە بە داخەوە تاوەکوئێستا بۆمان نەهاتووەتەدی ٠ نەبوونی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان بووە هۆی ئەوەی کە جەماوەر و هێزی پێشمەرگە نەتوانن بەرگری لە هێرشەکانی داگیرکەر بکەن و درێژە بە شەڕی بەرەیی بدەن ، کە پێویستی بە پیلانی

پێشکەوتووی سەربازی و بەکارهێنانی جورەها چەکی قـــورس و نوێ هەیە ٠

گرتنی ئەو هەموو تانك و زرێ پۆش و دژە ئاسمـانی و تۆپـــە قـورسانە ، لەکاتی راپەرینەکەدا دەستکەوتێکی سەربازیـی زۆر مـەزن بوو، بەلام نەبوونی کادێری سەربازیی پێویست بـــۆ بەکارهێنانی ئەو چەکانە لە مـەزنێتیی ئەو دەسکەوتانەی هێنایە خوارەوە و هێزی پێشمـەرگەی کوردستان نەیتوانی بۆ بەرپـەرچ دانەوەی دژە هێرشەکانی رژێم وەك پێویست بەکاریان بهێنێت ، کەئەمـیش هۆیەکەی هەر دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی لــەشکـــری شۆرشگێری کوردستان ٠

٣ــ بەهۆی کەمـارۆی ئابووریی دەولەتانی عاو پەیمـانـەوە و هەروەها کەمـیی دەرامـەتی شۆرشی کورد و حیزب و رێکخـراوەکانی سەر بە بەرەی کوردستانی نەدەتوانرا تەواوی پێویستیـیـە جەنگی و بژێوی یەکان بۆ جەمـاوەر و هێزی پێشمـەرگە دابیـــن بکرێت و بتوانن بەتەواوی بەربە دژە هێرشەکانی رژێم بگرن ٠

٤ــ رووداوەکانی بەهاری ١٩٩١ لەسەر ئاستی جیهانی ونێو خۆیی شدا (کوردستانی) زۆر زۆر خێرا بوون ، تەواوی ناوچـە کانی باشووری کوردستان لە مـاوەی تەنها دوو هەفـتەدا لــە داگیرکەر پاك کرانەوە و راپەرین و ئازادی بەگشتی بیســـت و هەشت رۆژی خایاند ، کە لەو مـاوە کورتەدا "شۆرش و بـەرەی کوردستانی" نەیتوانی هەڵ بستێت بە رێکخستنی جەمـاوەری پێنج مـلیۆنەی کورد لە باشووری کوردستاندا و چـــنــــد

بڕیارێك و كارێكی پێویست ئەنجام بدات تا وەكو كاری بكرد ایەتە سەر خۆڕاگرتنی ڕاپەڕینەكە ، زۆربەی زۆری ناوچەكان بەبێ ڕێكخستن و دەستور و یاسا مانەوە وكورد واتەنی ( هەر یەك لە ئاوازێك دەیخوێند ) ئەمە جگە لەوەی كە كورد نەتەوەیەكە حەز بە دەستورو یاسا ناكات چونكە زۆربەی ئەو یاسا و دەستو رانەی كە حوكمی كوردی كرد ووە هەڵقولاوی ناخی داگیركەرو بێگانە بوون و دوور بوون لە هەموو داب و نەریت و خەویەكی نەتەوەیی یانەی كورد ەوە . پاشان شۆرش و بەرەی كوردستانی نەك هەر نەید ەتوانی بەڵكو شارەزا و پسپۆر نەبور لە حوكمی جەماوەرێكی وا فراواندا بۆیە جەماوەری كورد لە ڕاپەڕینە كەدا هەر بەبێ ڕێكخستنی تەوا و سیستمی سیاسی وكۆمەلا یەتی مایەوە ، هەرچەندە چەند هەوڵێكی ڕێكخستنی جەماوەر لە لایەن بەرەی كوردستانی یەوە درا بەلام ئەو هەولانە زۆر سادە بوون و وەك پێویست نەبوون . جگە لەوەی لە كاروباری ڕێكخستنی جەماوەر و شارەكاندا هەر دەستور و یاسای بەعس بەكار دەهێنرا و تەنانەت هەمان ئەوكەسانەش پێی هەلدەستان كە لە كاتی حوكمی بەعسیاندا كارەكەیان بەو شێوەیە بوو .

كاروباری ڕێكخستن لە لایەن بەرەوە درایە دەست ئەو كەسانەی كەتا دوێنی بوو لە سەنگەری ناپاكیدا بوون ، كە بووە هۆی دڵرەنجانی جەماوەر و گوێ نەدان بەو فەرمانانەی كە لە لایەن ئەو كەسانەوە دەردەچێت.

٥ــ ڕزگاركردنی شاری كەركوك ڕاپەڕینی كوردی لەگەڵ ڕژێم دا یەكالاكردەوە بەهۆی گرنگی و پایەی ئەو شارەوە ، بەلام شۆرش و

بەرەی کورد ستانی گرنگی یەکی ئەوتۆی پێ نەدا کە شایستەی شوێن و پایەی شاری کەرکوك و ناوچەکانی بێت ، شاری کەرکوك بە حوکمی ئەو نەوتە زۆرەی کە تێیدا یە داگیرکەران هەمیشە گەورەترین حیسابیان بۆکرد ووە و هەوڵی زیاتر و زیاتر قایمکاری یان تێدا داوە لەبەر ئەوە لە ئەنجامی رزگارکرد نی ئەو شارە دا چەکێکی بێ شومار کەوتە دەست جەماوەر و هێزی پێشمەرگەی کورد ستان کە زۆربەیان تانك و زرێ پۆش و دژە ئاسمانی و چەکی قورسی تر بوون ، تەنانەت فرۆکەشیان تێدا بوو ، شۆرش هەڵنەستا بەگواستنەوەی ئەو چەکە قورسانە بۆ ناوچە عاستی و د وور لە شەرەکان و هەمووی لە شوێنی خۆیدا مانەوە و تەنانەت پاش هێرشەکەی داگیرکەر بۆگرتنەوەی کەرکوك ، هێزی پێشمەرگە ئەو چەکە قورسانەی تێك نەشکان ، کە بەداخەوە رژێم هەر بەو چەکانە کەوتەوە گیانی شار و ناوچەکانی تری کورد ستان .

پاشان د روست نەکرد نی هێڵێکی بەرگریی بەهێز لە لایەن شۆرشەوە وەك سنوورێك بۆ کورد ستان لە باشووری کەرکوکدا بووە هۆی ئەوەی کە رژێم لە زۆر لاوە بەئاسانی بێتە نێو سنووری راپەرینەکەوە و شاری کەرکوك بگرێتەوە .

٦ــ نەگرتنی سەربازگەی (خالید ) ی نێوان کەرکوك و تکریت بووە هۆی رووخانی وورەی جەماوەری شۆرشگێر و هێزی پێشمەرگە ، لە کاتێکدا کە چەند ین هێرشی کرایە سەر و شەهید و بریندارێکی زۆریشی تێدا درا .

٧ــ هەر لە یەکەم رۆژی دەستپێکرد نی راپەرینەکەوە جەماوەری

کورد هەوڵی خۆ چەکدارکردنی دا ، گەورە و بچوك خەریکی کێشکردنی چەك و تەقەمەنی بوون لە سەربازگەکانی دوژمندا کەم کەسمان بەرچاو دەکەوت کە چەکی پێ نەبێت، چەکداریی جەماوەر بەو شێوەیە شتێکی ترسناکە و هۆیەکی سەرنەکەوتنی راپەرینەکە بوو، بەمانای زۆربەی ئەو کەسانەی کە چەکدار بوون و خۆیان بە پێشمەرگە و شۆڕشگێر دەزانی لە راستیدا وانەبوون وکەسانی سادە و بێ بیروباوەڕ بوون ، بۆیە لە کاتی دژە هێرشەکانی بەعسدا هەموو چەکەکانیان فڕێدا و بەرەو ناوچە سنووری یەکان هەڵهاتن ، جگە لەوەی کە هەر ئەو چەکە بێ بیروباوەڕە بوو زۆربەی فیشەك و تەقەمەنی یەکانمانی لە دەست دا و بە هەق و بە ناهەق دەکرا بەئاسماندا و شۆڕشیش وەك پێویست نەیتوانی رێیان لێبگرێت ،تەقەی خۆشی و بەفیڕۆدانی فیشەك بارودۆخێکی زۆر ترسناکی لە نێو جەماوەردا دروست کرد بوو کە سەدان کەس بەهۆیەوە شەهید بوون ، ئەو تەقە بێ هودەیە گەیشتە رادەیەکی وا ، کە هەر سەرلەبەیانیی ۲۰ / ۳ / ۱۹۹۱ شاری کەرکوك رزگارکرا بەڵام لەبەر ئاپۆرای جادە و کۆ لانەکان بەهۆی جەژنی نەورۆزەوە ، بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە مێژوویی یە مەزنە دواخرا و لەبەر پاراستنی ئاسایش و گیانی جەماوەر قۆناغ بە قۆناغ رزگارکردنی کەرکوك ئاشکرا کرا کە چەند سەعاتی خایاند ٠

تەقەی خۆشی و بێ هودە ، بووە هۆی بەفیڕۆدانی تەقەمەنی یەکی زۆر کە هێزی پێشمەرگە لە کاتی بەرگری کردنی ناوچە رزگارکراوەکاندا زۆر بە ئاشکرا پێ یەوە دیاربوو ، کەمی و نەبوونی تەقەمەنی بۆ بەرەکانی شەڕ بووە هۆی بەدەستەوەدانی زۆربەی

ناوچەکان ، کەواتە ئەو چەکە زۆرەی کە بەدەست زۆربەی زۆری جەماوەرەوە بوو چەکێکی بێ بیروباوەڕ بوو، بووە هۆی هەڵخستنی سێدارەیەکی مێژوویی بۆ خودی جەماوەری کورد کە ئەویش لەدەستدانی سەرکەوتنەکان و ڕاپەڕینەکە بوو.

٨ــ لایەنەکانی بەرەی کوردستانی وەکو پێویست هاوکاری و هاوئاهەنگی لە نێوانیاندا نەبوو، ڕاستە زۆربەی ڕەفتاروکارەکان بە نێوی بەرەی کوردستانی یەوە بوو بەلاّم بەداخەوە هەرلایەنێك بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حیزبی یانەی خۆی بوو، لایەنەکانی بەرەی کوردستانی لەجیاتی ئەوەی بێ ووچان و پێکەوە خەریکی دارشتنی نەخشەی سەربازی و ڕێکخستنی جەماوەر بن ،کەچی بەیەککەیشتنی ئەو لایەنانە زۆرتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان خۆیان بوو بەتایبەتی دەربارەی دابەشکردنی تالاّنی یەکانی ڕژێم، گرتنی ئوتومبیل و ئەم دەست و ئەودەست کردنی و داواکردنەوەی زۆربەی کاتی لایەنەکانی بەرەی کوردستانیی خەریك کرد بوو، هێزی پێشمەرگە مەسەلە گرنگەکەی بیرچووبووەوە کە ئەویش پاراستنی سەرکەوتنەکان بوو .. !.

٩ــ ناوچەی خۆرهەلاّت بەتایبەتی کوردستان لەبارەی شۆرش و ڕاپەڕینەوە، بوونی پارتێکی پێشرەو و سەرکردەیەکی ڕەمز ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەبینێت تێیدا لەبارەی وورەی پێشمەرگە و ڕێکخستنی جەماوەرەوە و زۆر شتی تری پەیوەست بە شۆڕشەوە بۆ نموونە شۆرشی ئەیلوولی مەزن تەنها یەك پارت و یەك سەرکردە ڕابەرایەتیی دەکرد و ژمارەی هێزی پێشمەرگەش لە

سەد هەزار تێپەڕی کرد بوو لەگەڵ ئەوەشدا ئەوپەڕی دیسپلینی پۆڵایین لە نێوان ڕیزەکانی شۆڕشدا هەبوو . بەڵام بەرەی کوردستانی کە دەرەنگانێ لە دوای قۆناغی فرە حیزبی یەوە دروست بوو نەیتوانی جێی ئەو پارتە شۆڕشگێڕە بگرێتەوە و نەبونی سەرکردەیەکی گشتیی ئەوتۆش بووە هۆی ئەوەی کە پێشمەرگەی لایەنەکان تەنها پەیوەست بن بەلایەنەکانی خۆیانەوە ، نەك بەرەی کوردستانی .

۱۰ ـ نەبوونی ئێزگە و ڕاگەیاندنێکی یەکگرتووی بەرەی کوردستانی تاوەکو جەماوەری ئاڕاستە بکردایە و بەباشی ڕێکی بخستنایە . ڕاستە مەودای ڕاپەڕینەکە زۆر کورت بوو بەڵام کاروباری ڕاگەیاندن و ڕای گشتی بڕبڕەی پشتی ڕاپەڕین و شۆڕشە . لەو ماوەیەدا لایەنەکانی بەرەی کوردستانی نەیانتوانی چەند بڵاوکراوەیەکی وا دەربکەن کە ڕاپەڕینەکە زیاتر لەلای جەماوەر بەهادارتر ببێت و ببێتە هۆی باشتر ڕێکخستنیان .

۱۱ ـ بەعس هەر لە سەرەتای حوکمڕانی و داگیرکاریی کوردستانەوە هەوڵی نەهێشتنی گوندەکانی کوردستانی داوە تاوەکو جوڵە و ژیانی هێزی پێشمەرگە زەحمەتتر بکات و گوندەکانیش لە ئۆردوگا زۆرە ملێکان کۆبکاتەوە و بە ئاسانی دەستیان بەسەردا بگرێت، بۆ ئەم مەبەستە هەر لەدوای هەرەسەکەی شۆڕشی ئەیلوولەوە ڕژێم بە نێوی پشتێنەی ئاسایشەوە تەواوی گوندەکانی ناوچە سنووری یەکانی هێنایە خوارەوە و خەڵکەکەشی لە نێو ئوردوگا زۆرە ملێکاندا بەند کرد ، ئەم ڕەفتارە گەلاوەی

بەعس ناوە ناوە هەر بەردەوام بوو تا لە کاتی ئەنفالە
شوومەکاندا تەواوی گوندەکانی کوردستانی تەختکرد و زیانێکی
کاریگەری گەیاندە خەڵکی کوردستان بەوەی کە سامانی ئاژەڵی و
کشتوکاڵیی لە ناوچەکاندا بنەبڕ کرد و جووتیارانیش تووشی
بێ کاری یەکی بە کۆمەڵ بوون ، جگە لەوەی کە هەڵسوکەوتی
هێزی پێشمەرگەی کوردستان ببووە کارێکی ئاستەم و زۆر نا
ڕەحەت بە تایبەتی لە زستاندا .

نەهێشتنی گوندەکانی کوردستان زیانێکی نەتەوەیی زۆر
گەورە بوو کە ئاکامی بێ دەرامەتی و بێ کاری بۆ سەر چەند
ملیۆنێك لە خەڵکی کورد هێنا ، سەرباری ئەوەش نەبوونی ئەو
گوندانە هۆیەکی گرنگ بوو بۆ سەر نەگرتنی ڕاپەڕینەکەی باشووری
کوردستان بە هۆی :-

أ / ئەو گوندانە سەرچاوەی ئازووخەو دەرامەتی خۆشیان و
شارەکانیش بوون ، بەنەمانی ئەو گوندانە سامانی کشتوکاڵی و
ئاژەڵیی کورد هاتە کزی و لەکاتی گەمارۆی ئابووریی هاوپەیمانە
کاندا بەتەواوی بێ گوندی بە کوردستانەوە دیار بوو ، بڵاوبوونەوەی
قات و قڕی و گرانی یەکەی کاتی ڕاپەڕینەکە دەگەڕێتەوە بۆ نەمانی
گوندەکانی کوردستان .

ب / ئەو ناوچانەی کە ڕژێم هێرشی بۆ دەکرد و دزەی تێدا دەکرد
بۆ ژوورەوە هەمووی چۆڵ و بێ ئاوەدانی بوون کە ئەگەر گوندەکان
بمانایە ، جەماوەری شۆڕشگێڕ و هێزی پێشمەرگەی کوردستان
بە زووترین کات بە دەستپێکردنی ئەو هێرشانەیان دەزانی ،

زۆربەی زۆری هێرشەکانی ڕژێم کە کرایە سەر شارەکان تا نزیـــــك نەبووەوە نەدەزانرا ، بەهۆی بێ گوندی و کاکی بەکاکیی ناوچەکـــا نەوە ، بەتایبەتی هێرشەکەی ڕژێم بۆ سەر شاری کەرکوك .

ج/ بەهۆی ڕاپەڕینەکەوە بەشێکی زۆری خەڵکی کـــورد ســـتــا ن خەریکی گەڕانەوە و چاککردنەوەی گوندەکانیان بوون ،کـــە ئەگـــەر گوندەکانیان بمــایە ئەو خەڵکە سەرقاڵی ئەو کارانە نەدەبـــوون و باشترین یارمـــەتیی ڕاپەڕینەکەو شکاندنی هێرشەکانی ڕژێمـــیـــان دەدا .

١٢ــ بەرەی کوردستانی بەرلەوەی لەگەڵ جەمـــاوەری کـــوردا هەڵستێت بە هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینەکە و ڕزگارکردنی ناوچەکانی باشووری کوردستان ، بڕیاری ئاشتبوونەوە و لێخۆشبوونی بـــۆ تەواوی خۆفـــرۆشان و خیانەتکارانی خاك و نەتەوە دەرکـــــرد ، ئەم بڕیارەی بەرەی کوردستانی هەرچەندە خۆی لە خۆیدا تـــا کتێکێکی سەرکەوتوو بوو زیاتر یارمـــەتی دەرێك بوو بۆ سەرکەوتنـــی ڕاپەڕینەکە ، بەڵام هەرچی چۆنێك بێت ، سیخوڕی و خۆفـــرۆشـــی خیانەتێکی زۆر گەورەن و لێخۆشبوونیان کارێکی ناڕەوایە ، لــــە ئەنجامـــی ئەو بڕیارەی بەرەی کوردستانی کۆمـــەڵێکی زۆر لــــە پیاوخراپان و سیخوڕانی بەعـــس لە نێو جەرگەی ڕاپەڕینەکــــەو جەمـــاوەردا مـــانەوە ، کە باشترین تابووری پێنجەمـــیان بـــۆ بەعـــس دروستکرد و مـــشتەی نێو هەمـــانەکەی ناوچە ڕزگـــار کراوەکان بوون ، ئەو پیاو خراپانە بەداخەوە هەریەکەیان لایەنێـــك پەنای دابوون و داکۆکی و پاکانەیان بۆ دەکردن ، هەرچـــــی پڕوپاگەندەو قـــسەی خراپ و ڕووخێنەر هەبوو ڕژێم بەهۆی ئەوانەوە

لە نێو جەماوەردا بڵاوی دەکردەوە کەبووە هۆی ڕووخانی مەعنەویاتی جەماوەر و خەڵکی شۆڕشگێر، پاشان لە کاتی دژە هێرشەکانیشدا لە هەمووکەس خراپتر کەوتنەوە گیانی جەماوەر و لە شارەکاندا دووبارە بوونەوە نۆکەرە لە جاران سووکترەکەی بەعس و ئەوپەڕی خراپەکاریان دەکرد لە شارەکاندا • ئێستا ئەوانە لە هەمووکەس سیخوڕترن چونکە دوای لێبووردنە گشتییەکەش و داگیرکردنەوەی شارەکان هەروازیان لە جاشێتی و خۆفرۆشی نەهێنا •

دەرکردنی بڕیاری لێخۆشبوونی پیاوخراپان هەرچەندە سوودێکی گەیاندە ڕاپەڕینەکە بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەوپەڕی گورزی کوشندەی لە ڕاپەڕینەکەو هێزی پێشمەرگە وەشاند •

١٣ ــ لایەنەکانی بەرەی کوردستانی لەکاتی چوونە نێو شارو شارۆچکە و ئۆردوگاکانەوە خەڵکێکی زۆری چەکداریان لە کەسانی بێ بیروباوەڕو جاش و خۆفرۆش لە نێو ڕیزەکانی خۆیاندا جێ کردەوە و شەرەفی پێشمەرگایەتییان پێدرا، کە بووە هۆی زڕانی نێوی پێشمەرگە و ناڕەزایی جەماوەر بەرامبەر بەوکارە هەروەها بووە هۆی دروستبوونی هەستێکی ناجۆر لە نێوان ئەوکەسانەی کە دەیان ساڵ بوو ئەم شاخ و ئەو شاخ و ئەم دیوو ئەودیویان دەکرد و هەڵگری ڕاستەقینەی نێوی پیرۆزی پێشمەرگە بوون و ئەو خەڵکە چەکدارەی کە تازە نێوی پێشمەرگەیان لە خۆیان نابوو هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ پێشمەرگە کۆنەکاندا نەدەکرا • نێو نووسینی ئەو چەکدارانە بۆ پێشمەرگایەتی بە خەروار بوو بێ ئەوەی بزانرێت ئەو چەکدارە ڕابردووی چی

بووە و چیی کرد ووە تەنانەت لە نێوان لایەنەکاندا وەکو پێشبڕکێی لێهاتبوو، هەریەکەیان دەیویست ژمارەی چەکدارە بەنێو پێشمەرگەکانی خۆی لەوی دی زێتر بکات و بووە هۆی زۆر و بۆربی هێزی چەکداری لایەنەکانی بەرەی کوردستانی زۆر بەداخەوە ...!.

لە کاتی دژە هێرشەکانی بەعس بۆ سەر ناوچە رزگارکراوەکان چەکدارە بەنێو پێشمەرگەکان زۆربەیان پشتیان کردە بەرەکانی نەبەرد و هەڵهاتن و هەندێکی کەمیان مانەوە و شان بە شانی پێشمەرگە ڕاستەقینەکان شەڕیان دەکرد و ئەو پەیمانانەی کە ئەو چەکدارانە بە جەماوەر و بەرەی کوردستانیاندا کەتا لە توانایاندا ببێت بەشەر بێن، نەیان برد، سەرو لە مەیدانی بەیەکدادانەکاندا پاشەکشەیان کرد و بوونە هۆی هێنانە خوارەوەی وورەی هێزی پێشمەرگەش.

١٤ـ دوور لە هەموو داب و نەریت و سروشتێکی کوردەواری بەشێکی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا کەوتنە تاڵانکاریی دامەزراوە دەوڵەتی و نیمچە دەوڵەتییەکان کە جێی داخە لە بەها و شان و شکۆی کورد و ڕاپەڕینەکەی هێنایە خوارەوە و بووە هۆی بێ هیوایی بەشێکی جەماوەری راستەقینە نەك هەر لە ڕاپەڕینەکە بەڵکو لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد یش و وورەی جەماوەری بەردا و لە پیرۆزیی ڕاپەڕینەکەی هێنایە خوارەوە.

دەتوانین هۆیەکانی ئەو تاڵانکارییە بگەڕێنینەوە بۆ ئەم خاڵانە:

أ / کینەی بیست ساڵەی جەماوەری خەڵك بەرامبەر ئەو دەزگا دەوڵەتی و بەعسی یانە هێندە ئەستوور ببوو، کە لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا بە هەموو هێزێکیانەوە دایان بەسەر ئەو دامەزراوانەدا و تالانیان کرد .

ب/ وێرانکردنی گوندەکان و بەندکردنی زۆربەی خەڵکی لە ئۆردوگاکاندا و ماڵوێرانیی جەنگی عێراق ئێران و کەمارۆی ئابووریی دەوڵەتانی هاوپەیمان و پاشان جەنگی کەنداو کە بووە هۆی داشۆرینی ئابووری و دەرامەتی تەواوی خەڵکی، هۆیەکی تری ئەو تالان و بڕۆیە بوو کە خەڵکی هێندە هەژار و بێ دەرامەت ببوو، هەڵسان بەو کارانە بە هیوای ئەوەی شتێك گوزەرانی خۆیانی پێ خۆش بکەن . جگە لەوەی کە ئەو تالان و بڕۆیە تەواوی دامەزراوە دەوڵەتی و خزمەتگوزارییەکانی نەگرتەوە بۆ نموونە زۆربەی قوتابخانەکان و بانکەکان و تەواوی نەخۆشخانەکان بە بێ دەسکاری و وەکو خۆیان مابوونەوە، لە کاتێکدا کە لە ڕاپەڕینەکەی عێراقدا ڕەحم بە نەخۆش و نەخۆشخانەکانیش نەکرا و هەموویان تالان کران و سووتێندران .

ج/ ئەمانەی کە گوترا پۆزش هێنانەوە نییە بۆ ڕوودانی ئەو تالان و بڕۆیە، هەرچی چۆنێك بێت کارێکی ناکوردانەو دوور لە هەموو داب و نەریتێکی کوردەواری بوو، بەڵام نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت کە ئەو کارو کردەوە ناپەسەندانە ڕەنگدانەوەی ڕەفتارو پەروەردەی بیست ساڵەی شۆڤێنیستانەو کولتووری دواکەوتووانەی داگیرکەری بەعسی یە عەرەبەکانە

له كورد ستاندا ٠

١٥ــ لەسەر ئاستی نێوخۆیی "عــێراقـدا " راپەرینەکــــەی عێراق تەنها چەند شارێکی دیاریکراوی گرتەوە و نەیانتـوانـــی وەکو کۆمــەڵانی خەڵکی باشووری کوردستان تەواوی ناوچـەکـان رزگاربکەن ، راپەرینەکەی ئەوان تەنها ناوچە شیعە نشینەکانـــی گرتەوە و دوور بوو لە سێ شاری گەورە و گرنگەوە کە بڕبڕەی پشتـی بەعـسی یەکان بوو، لەوانە ناوچەکانی سەربە شاری مـوسڵ کـە جگە لە هەندێك سەرپێچی و پشێوی کە کوردەکان پێی هەڵستان هیچ شتێکی ئەوتۆی تری تێدا روونەدا و هەروەها هەردوو شاری "تکریت و بەغـدا " کە دڵی حکومـەتی بەعـسی یەکان بــوون ، جەمـاوەری ئەودوو شارە نەیانتوانی یاخود نەیان ویـســـت بەکاری راپەرین هەڵبستن و ببێتە هۆی رووخانی یەکجارەکیــــی رژێم و راپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١ ی کـــورد ســـتانیـــش بەتەواوەتی سەری بگرتایە ٠

# بەشی حەوتەم

## مەرگەساتی ئاوارەکان

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕۆژی ٣ ی نیسانی ١٩٩١ پاشەکشەی لە شاری سلێمانی کرد ، کە دوا شار بوو بەدەستەوە بدرێ . لە ترسی هاتە هاتەی دوژمن و ڕەفتارە دژبە مرۆییەکانی بەعس ، جەماوەر و خەڵکی بێ پشتیوانی کوردستان شارو شارۆچکەو ئۆرد وگاکانیان بەجێ هێشت و ڕوویان کردە شاخ و کێوەکان و ناوچە سنووری یەکان تا وەکو دەستی بەعس نەیانگاتێ و لە دەست ڕەشەکوژیی بەعسی یان ڕزگار ببن .

لە ئەنجامی بەدەستەوەدانی شارەکان و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە ، ڕەوی ئاوارەکان بۆ شاخ و کێو و ناوچە سنووری یەکان دەست پێدەکات کە مەرگەساتەکانە و گەورەترین پاشاگەردانی یە لە مێژووی کوردا .

جەماوەری کورد کاتێك لە شارەکان هاتنە دەرەوە ، چەند ڕمەکانی (الحرس الجمهوري) و جاش میلیشیای (مجاهدین خلق) کەوتنە دزین و تالانکردنی شارە کوردەکان و زۆر بێ شەرمانە دەستیان لە موومتەلەکاتی تایبەتیی خەڵکیش نەپاراست و پشتی زیل و ئوتومبیلە سەربازی یەکانیان بەدەرگای ماڵە کوردەوە جووت دەکرد و تا دەرزی یەکی بگرتایە تێیان دەپەستاوت ، خۆ ئەگەر ئەو پشتگیری یە سیاسی یە نێودەوڵەتی یە نەبوایە بۆ ئاوارە کوردەکان ، ئەوا هەروەکو چۆن لە ئەنفالەکاندا کورد ، گوندەکانی لە دەستدا ، لە سەرنەکە

وتنی راپەڕینەکەشدا زۆربەی شارو شارۆچکەکانمان لە دەست دەدا و خەڵکەکەشی ئاوارە و پەرپوەی دوور وولات دەبوون .

لە کاتی هێرشی بەعس بۆ سەر شارەکان و ناوچە ئازاد کرا وەکان خەڵکێکی بێتاوانی زۆر بەهۆی تۆپ باران و بۆرد ومانی فڕۆکەوە لە نێو چوون . بەتایبەتی هێرشەکانی ڕژێم بۆ سەر شاری کەرکوك و هەولێر کە ڕژێم زۆر بێ شەرمانە بە تۆپ و فڕۆکە کەوتە گیانی ئەو خەڵکەی کە دەیانویست بەرەو ناوچە سنووری یەکان ڕەوبکەن .

بەهۆی دژە هێرشەکانی بەعسەوە بۆ سەر ناوچە ڕزگارکرا وەکان چەند ملیۆن خەڵکی کورد ئاوارەی کێوەکان و ناوچە سنووری یەکان بوون ، لە بەدبەختیی کورد یشدا بەهاری ١٩٩١ تەڕو تووشترین بەهار بوو ، ئەو باران و تەرزە و بەفرەی کە لەومانەوەی ڕەوی ئاوارانەدا باریوە کەم وێنە بووە ، بەهۆی بێ نوایی و کەمیی یاخود نەبوونی شوێنی نیشتەنی لە دەرەوەی شارەکاندا ، خەڵکی زۆر شەوانە و ڕۆژانە تا دەگەیشتنە سەر سنوور لەبەر ئەو باران و سەرمایەدا بوون ، بەبێ ئەوەی هیچ کام لە پێویستی یەکانی ژیانیان پێ بێت ، جگە لە کەمیی و یاخود نەبوونی ئازووخە و خواردەمەنی کە بووە هۆی بلاوبوونەوەی برسێتی یەکی ترسناك لە نێو ئاوارەکاندا کە چەندەها کەس لە برسان و لە سەرماندا مردن ، بەهۆی نەبوونی خۆراك و یاخود خواردەمەنیی خراپ و نەبوونی شیر بۆ مندالان ، نەخۆشی یە ترسناکەکانی وەك سك چوون و ڕشانەوە و گرانەتا و چەندان نەخۆشیی دەرمیی تر لە نێو ئاوارەکاندا بلاوبووەوە کە بووە هۆی لەنێو چوونی هەزاران کەس لە خەڵکی ، بەتایبەتی مندالانی کورد کە بە و

سەرما و بێ شیر و خواردن و بێ دەرمانی یە ژمارەیەکی زۆریانمان لە کیس چوو هەر لە شوێنی خۆیاندا نێژران، ئەو ئاوارانە زۆربەیان ڕوویان دەکردە سنوورەکانی ئەودیوی ئێران و تورکیا کە هێندە زۆر بوون نە یارمەتیی دەوڵەتان و نە خاچی سووریش دەرۆستیان نەدەهات، یارمەتیی ئاوارە کوردەکان لە پێشدا دواکەوت و ڕێژەیەکی کەم بوو بەتایبەتی لە ڕێگای دەوڵەتی ئێرانەوە، بەڵام بەهۆی بوونی هێزی هاوپەیمانەکان لەسەر خاکی تورکیا و باکووری کوردستان یارمەتیی ئاوارەکانی هەرێمی بادینان گەلێك باشتر بوو .

سەرباری ئەو هەموو پاشاگەردانی و ماڵوێرانی و تاڵان و بڕۆ و برسێتی و نەخۆشی و قات و قڕییەی کە بەسەر کوردا هات، نووشستیی ڕاپەڕینەکەو ڕەوی ئاوارەکان بووە هۆی ئەوەی کە جەماوەر بەتەواوەتی لە شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد نائومێد بێت، و زۆربەی خەڵك بەیەکجاری ماڵ و حاڵی خۆیی بەجێ هێشت و بەرەو ئەودیوی سنوورە دەستکردەکانی وولاتەکەی بەڕێ کەوتن .

هەر لە سەرەتای داگیرکردنەوەی ناوچە ڕزگارکراوەکان و دەستپێکردنی ڕەو و مەرگەساتی ئاوارەکان، ڕای گشتیی جیهان خێرا کەوتە خۆیی و شان بەشانی سیاسەتی نێودەوڵەتی داکۆکییان لە ئاوارەکان کرد، زۆربەی وولاتان کەوتنە ناردنی یارمەتی بۆ ئاوارە کوردەکان، ڕژێم بەهۆی ئەو ڕەفتارە درندانەیەوە ڕووبەڕووی گوشارێکی تری نێودەوڵەتی بووەوە و ناچار هێرشەکانی خۆیی بۆ سەر ڕەوی ئاوارەکان کەمکردەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانی لە دوو بەرەی نەبەردی گەورەدا بەتەواوەتی

بەر بەدژە هێرشەکانی ڕژێم بگرێت لە هەرد وو ناوچەی کــــۆیێ و ئەزمــەڕدا • پاشان هێزی پێشمــەرگە کەوتەوە ڕێکخستنی ڕیــز ە کانی خۆی ، چەند هێرشێکی سەرکەوتووی کردە سەر هێزەکانــــی ڕژێم • حکومــەتی بەعــس لە باشووری کورد ستاندا ڕوو بــە ڕووی هێزی پێشمــەرگە و لە دەرەوەشدا ڕوو بە ڕووی گوشاری نێـــــو دەولەتی بووەوە ، بۆیە هەر لەو مــانگەدا ، نیســــــانی ١٩٩١ ئامــادەیی خۆیی پیشاندا بۆ گفــتوگۆ لەگەڵ بەرەی کورد ستانــی دا و بەرەسمــی تەقــە لەنێوان هەرد وولادا وەستێند را و بــــــە دەستپێکرد نی گفــتوگۆی نێوان ڕژێم و بەرەی کورد ستانی کۆتا یــی بە ڕاپەڕینەکەو ڕەوی ئاوارەکان هات،•••••• !! •

(سوود ەکانی ڕەوو مــەرگەساتی ئاوارەکان )

مــەرگەساتی ئاوارە کورد ەکان هەرچەند ە بووە هۆی تالان و بــڕۆ یی مــاڵ و سامــانی خەڵکی کورد لەلایەن سوپای (عــروبە) !! وە و بلاوبوونەوەی نەخۆشی و برسێتی و شەهید بوونی هــــەزاران مــندالّ و ئافــرەت و پیری کورد ، بەلام لە هەمــان کاتیشـــدا سوود ێکی گەورەی گەیاند ە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد لەسەر ئاستی نێود ەولەتی ، تەنانەت هێند ێك لە چاود ێرانی سیاسیــی کورد و ناکورد ڕەوی ئەو ئاوارانە لە خود ی ڕاپەڕینەکە بە گرنگتـــــر داد ەنێن •

د ەتوانین ئەو سوود انەی کە مــەرگەساتی ئاوارەکان گەیاند ییــە کورد و بزووتنەوە رزگاریخوازانەکەی لەم خالانەدا کۆیانبکەینەوە :ــ

١ــ نارەزایی ڕای گشتیی جیهانی گەیشتە ئەوپەڕی و هەمـــتو

سۆزی تەواوی جیهان بەلای کوردا جولاو، هێندەی تەر مرۆڤایەتی، سەددام و بەعسیان ناسی و دژی وەستانەوە، ڕۆژنامە و ئێزگە جیهانی یەکان لەو ڕۆژانەدا تەنها ئیشیان لەسەر نووسین و باسکردنی ئاوارە کوردەکان بوو ٠

٢ـ مەسەلەی ئاوارەکان و کێشەی کورد خرایە سەر مێزی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و سیاسەتی نێودەوڵەتی و بۆ یەکەمجار لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردا، نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێك لە بەرژەوەندیی دەریکەن کە ئەویش بڕیاری ژمارە (٦٨٨) ەو بەپێی ئەو بڕیارە سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان (خافیێر پێرێز دی کویلار) نوێنەری خۆی (صدرالدین ئاغا خان) ی نارده کوردستان و ناوچەی ئاوارەکان، تاوەکو ئەو ئاوارانە بخرێنە ژێر چاودێریی نێودەوڵەتی یەوە و شوێنی نیشتەنی و خۆراك و کەرەستەی پزیشکی و پێداویستی یەکانی تری ژیانیان بۆ ئامادە بکەن ٠ هەروەها دروستکردنی چەندەها چادرگا بۆ ئاوارەکان هەر لە ناوچەکانی باشووری کوردستاندا بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە دەکەونە باکووری هێڵی (٣٦) ی پانی یەوە، کە دوبارە دەکەونە ژێر ڕکێفی نێودەوڵەتی یەوە بەمانای کێشەی کورد ڕووخسارێکی نێودەوڵەتیی وەرگرت و هەرچەندە ئەو بێگانانەش بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیانیان لە ناوچەکەدا هەیە، بەڵام داگیرکەر تا داگیرکەر جیاوازیی هەیە، بەدبەختیی کورد لەوەدایە کە دوژمنان و داگیرکەرانیشی لە خۆی نەزانتر و دواکەوتوترن، ناوچەکانی سەروو هێڵی (٣٦) ی پانی هەرچەندە دەکەوێتە ژێر دەستەڵاتی نێودەوڵەتی یەوە و ئەوانیش هەر داگیرکەرن بەڵام

هیچ نەبێت زۆر لە داگیرکەرە کلاسیکی یەکانمان زاناو پێشکەوتووترن و ڕەنگدانەوەی باشتریشی دەبێت لەسەر ئاستی کوردستان .

٣ــ بەهۆی ڕەو و مەرگەساتی ئاوارەکانەوە ، هەزاران ڕۆژنامەنووس و پەیامنێری ڕادیو و تەلەفزیۆنە جیهانی یەکان ڕوویانکردە کوردستان و شەن وکەوێکی بارودۆخە سیاسی و ئابووریی و کۆمەلایەتی یەکانی ناوچەکان و خەڵکی کوردیان کرد کە بووە هۆی زێتر ناسینی کورد بە مرۆڤایەتی وجگە لەوەی کە ئەو ڕۆژنامەنووسانە زۆر بەتێرو تەسەلی ڕەفتارەکانی ئێستاو ڕابردووی داگیرکەریان گەیاندە ڕای گشتیی جیهان و هەڵستان بەئەنجامدانی هەزاران ڕوو بەڕوو لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردا کە زێتر بووە هۆی ڕیسواتر بوونی بەعسی یە داگیرکەرەکان .

٤ــ لە ئەنجامی ڕەوی ئاوارەکاندا بۆ ناوچە سنووری یەکان زێتر لە دوو ملیۆنی کورد سنووریان بڕی و بوونە میوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەردوو هەرێمی باکوور و خۆرهەڵاتدا ، خەڵکی ئەو ناوچانە وەك نەریتی کوردانەیان هەڵستان بە یارمەتی وکۆمەك و پەنادانی هاوزمانەکانیان لە هەرێمی باشووری وولاتەکەیاندا بەشێوەیەك کە خۆیانیان بە خانەخوێ نەدەزانی لە ئاستی هاوزمانە ئاوارەکانیاندا ، ئەو ڕەفتارەی خەڵکی کورد لە هەرێمەکانی تری کوردستاندا بووە هۆی زێتر یەکانگیربوونی نەتەوەیی یانەی کورد و بەرزبوونەوەی ئاستی کوردایەتی لە سەرتاسەری کوردستاندا ، هەروەها تێکەڵاویی خەڵکی هەرێمەکان و یەکترناسینیان سودێکی لەورە دەبەخشێ بە بیرو بزووتنەوەی کوردایەتی .

## بەشی هەشتەم

## ئەو ئەزمـــوون و پەند انەی کە د ەتوانین لە ڕاپەڕینەکە وەری بگرین

ڕاپەڕینەکەی باشووری کورد ستان و مـــەرگەساتی ئاوارەکان تـــا ڕاد ەیەك بەوەستاند نی تەقـــە لە نێوان بەرەی کـــورد ســـــتانـــیو د اکیرکەری بەعـــسدا کۆتایی هات ۰

خود ی ڕاپەڕینەکەو هۆیەکانی هەڵگیرسانی و سەرنەکەوتنی و پاشان ڕەوی ئاوارەکان ، گەورەترین پەند و ئەزمـــوونی سیاسی و سەربـــازی بوو بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ۰

کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکەی پاشەڕۆژی د ەتوانێت ئـــــــەم سود انە لە ئەزمـــوونی ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ ی باشوور ی کورد ستان وەربگرێت :ـــ

١ـــ شۆڕش و بزووتنەوەی د وور لە جەمـــاوەر وەکو لەشێکی بـــــێ گیان وایە و لە مـــاوەیەکی کەمـــدا د ەڕزێت و خۆی ناگرێت ۰

٢ـــ د وژمـــن چەند ە بەهێز بێت، ناتوانێت بەرامـــبەر ئیـــراد ەو بیری نەتەوایەتی خۆی ڕابگرێت ۰

٣ـــ خۆفـــرۆشان و ناپاکان ، د ەبێت بەسزای ڕەوای خۆیـــــان بگەیەنرێن و شۆڕش نابێت بە هیچ شێوەیەك و لە هیچ هـــــەل و مـــەرجێکدا پشتیان پێ ببەستێت ۰

٤- شۆڕش نابێت بە هێزو میلیشیا هەلپەرستەکان پشت ببەستێت، چونکە ئەوانە لەگەڵ ڕۆژ و بەرژەوەندیدان • هەرکاتێك لەگەڵ شۆڕشدا هەڵیان نەکرد و لە بەرژەوەندییاندا نەبوو، پشت دەکەنە شۆڕش، گەر لە تەنگانەترین کاتیشدا بێت •

٥- دامەزراندنی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان، پێویستییەکی مێژوویی گرنگە بۆ کورد، چونکە هەمیشە دەزگایەکی پێویست بووە بۆ شۆڕش و بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکەی، بەتایبەتی بۆ ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١، دامەزراندنی ئەو دەزگایە لە ئێستاو داڕۆژدا هەرچەندە زۆر درەنگە، بەڵام کورد واتەنی (زیان لە نیوەی بگەڕێتەوە باشترە) و ئەگەر هەوڵی بۆ بدرێت ئەوا گوڕو تینێکی تر دەبەخشێتە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە پاشەڕۆژدا •

٦- چەکدار بوونی بەرفراوانی خەڵك، کارێکی زیانبەخشە ئەگەر ڕێکخستن و دیسپلینێکی بەهێزی لە نێودا نەبێت، بە زیانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان دەشکێتەوە •

٧- پارت و کۆڕ و کۆمەڵ و لایەنەکانی بەرەی کوردستانی، پێویستە هاوکاری و هاوئاهەنگیی زێتری بەکتر بکەن، بەتایبەتی لە هەلو مەرجە ناسکەکاندا، ئەگینا بەرپرسیاری کورد و مێژوو دەبن •••••• •

٨- ڕێکخستنی پۆلایین دڵ و گیانی شۆڕش و ڕاپەڕینە، کوێ

پێ‌نەدانی و فەرامۆش کردنی دەبێتە هۆی تێك چوونی شیرازەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکە، ئەو لایەنانەی کە ڕابەرایەتیی شۆڕشێك یاخود ڕاپەڕینێك دەکەن بەهۆی ڕێکخستنی بەهێزەوە دەتوانن جەماوەر ئاراستەی ویست و خواستەکانیان بکەن و شیرازەی بارودۆخیش لە دەستی خۆیاندا بێت .

٩ــ ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانی یەوە، کارێکی پێویستی شۆڕش و ڕاپەڕینە، دەبێت گرنگی یەکی زۆری پێ بدرێت، چونکە دەبێتە هۆی ڕێکخستنی لەشکری شۆڕشگێڕیش و جەماوەریش .

١٠ــ دروستکردنی هێڵی بەرگری دوای ڕزگارکردنی هەر ناوچەیەك کارێکی پێویستە و لە مەترسیی داگیرکردنەوەی ئەو ناوچەیە دووری دەخاتەوە .

١١ــ هەوڵدان بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارو شارۆچکە و بەتایبەتی گوندەکانی کوردستان، پێویستی یەکی مێژوویی یە بۆ سەرکەوتنی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی داوا ڕۆژی کورد .

١٢ــ دەزگا و کەلوپەلە دەوڵەتی یەکان موڵکی جەماوەرن تالان و برۆیی یان لەلایەن خەڵکەوە، دزی یەکی ناڕەوا یە و لە جەماوەر دەکرێت .

١٣ــ دەست تێوەردانی هەر دەوڵەتێکی داگیرکەر و دوژمن بە کورد لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی، دەبێتە هۆی تێکچوونیان و دەبێت

ڕێیان پێ نەدرێت ٠

١٤ــ تاکە ڕێگا بۆ چارەسەری کێشەی کورد (مافی دیاری کردنی چارەنووسە) بەمانا فراوانەکەی واتە دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ ٠

١٥ــ گەورەترینی ئەو سوودانەی کە دەبێت کورد لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ ی ببینێت ئەوەیە کە، چارەسەری کێشەی کورد بەو شێوەیەی کە کورد دەیەوێت، پێویستە دژی بەرژەوەندیی سیاسەتی نێودەوڵەتی نەبێت، با شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد بگاتە ئەو ئاستەی کە تەواوی کوردستان ڕزگار بکات بەڵام ئەگەر ئەو ڕزگاری یە لەلایەن دەوڵەتانەوە پشتگیریی لێ نەکرا، کورد ناتوانێت پارێزگاریی ئەو سەرکەوتنانەی بکات ٠

لەبەرئەوە پێویستە تەواوی پارت و ڕێکخراوە کوردستانی یەکان لەمەودوا کارێکی وا بکەن کە زێتر دەم لە سیاسەتی نێودەوڵەتی یەوە بدەن و هەوڵی دروستکردن و سەلماندنی پێناسی کورد، واری بدەن لە جیهاندا و بۆ سیاسەت و هاوسەنگیی نێودەوڵەتی ڕوونبکەنەوە کە (مافی چارەی خۆنووسین) بۆ کورد دژی بەرژەوەندی یەکانیان ناوەستێتەوە ٠

# ئەنجـــــام

کوردستان، هەر لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی مادەوە، بۆتە جێگای ململانێی داگیرکەرانی دراوسێی و ئەو شەڕو شۆڕانەی نێوان زلهێزەکانی دەوروبەری کوردستان هێزکارێکی خراپی کردە سەر پارچە پارچە و کاول بوونی کوردستان بۆیە کورد لە دوای ڕووخانی دەوڵەتەکەیەوە نەیتوانی کیانێکی سەربەخۆ بهێنێتە دی. زێتر لە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە ئەم داگیرکارییە بەردەوامە و کورد لە هیچ کات و شوێنێکدا ملی بۆ نەداوە، بەتایبەتی لە هەردوو سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا کە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد چووە قۆناغێکی ترەوە و دەیان شۆڕش و ڕاپەڕینی خوێناویی دژی داگیرکەران بەئەنجام داوە.

پاش وەستانی جەنگی عێراق ئێران و دەست پێکردنی قۆناغی نائومێدی لە نێو بزووتنەوەکەماندا، ڕژێمی بەعس خۆی تووشی جەنگێکی نابەرامبەر کرد لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییەکاندا بەهۆی داگیرکردنی کوەیتەوە.

ئەو جەنگە بووە هۆی لاوازبوونی ڕژێم و کۆمەڵانی خەڵکیش لە باشووری کوردستاندا، سوود یان لەم هەلە بینی و بەیارمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەڵیان کوتایە سەر مۆڵگاکانی بەعس و تەواوی شارەکان و زۆربەی زۆری ناوچەکانی باشووری کوردستانیان ڕزگارکرد، ئەو ڕاپەڕینە گورو تینێکی تایبەتی و مەزنی دایە بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکەی نەتەوەکەمان بەهۆی ئەو

سروشتە تایبەتییانەی کە باسکران .

ڕاپەڕینەکەی عێراق لە پێش ناوچەکانی کوردستان بەرپابوو، بەڵام ڕادەی ڕێکوپێکی و فراوانیی نەدەگەیشتە ڕاپەڕینەکەی باشووری کوردستان، بۆیە ڕژێم توانی هەر زوو بەو ڕاپەڕینە سەرکەوت بکات و کارێکی گەورەشی کردە سەر ڕاپەڕینەکەی باشووری کوردستان .

پاش کوژانەوەی ڕاپەڕینەکەی عێراق، ڕژێم بە هەموو هێزێکییەوە هێرشی هێنایە سەر باشووری کوردستان و هەموو شارە گەورەکانی گرتەوە و لە ئەنجامدا زیانێکی زۆر لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کەوت هۆیەکانی سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکەم گەڕاندووەتەوە بۆ هۆیە دەرەکییەکان و نێوخۆییەکان .

بەهۆی گرتنی شار و شارۆچکەکانەوە خەڵکێکی زۆر ئاوارەو پەڕیوەی شاخ و کێوو ناوچە سنوورییەکان بوون و هەزاران مرۆڤی کورد بە هۆی سەرما و برسێتی و نەخۆشییەوە لە نێو چوون، بەڵام ڕەوو مەرگەساتی ئەو ئاوارانە سوودێکی گەورەی گەیاندە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد، بەوەی کە کێشەی کورد بووە کێشەیەکی نێودەوڵەتی و گەیشتە ڕادەیەکی وا کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیارێك پشتگیری لەو ئاوارە کوردانە بکات و گووشارێکی نێودەوڵەتی بکەوێتە سەر ڕژێمی بەعس .

ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ و سەرکەوتنی کورد تێیدا شتێکی گرنگ بوو، بەڵام لەو گرنگتر پارێزگاری کردنی ئەو سەرکەوتنانە بوو کە بەداخەوە ئەوەمان بۆ نەچووەسەر، لە سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکەوە کورد دەتوانێت پەند و ئەزموونێکی زۆری لێ وەربگرێت کە گرنگترینیان، گرنگی دانە بە سیاسەتی نێودەوڵەتی و ڕاکێشانی

ڕای گشتیی جیهانە بەلای خۆماندا، بەو هیوایەی کە شۆڕشی کورد بتوانێت بەو کارانە هەڵبستێت و ئەو هەڵانەی کە لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١دا ڕوویدا، لە ڕاپەڕینەکانی پاشەڕۆژماندا دووبارە نەبێتەوە، تا وەکو کورد یش وەکو تەواوی نەتەوەکانی دیکە بتوانێت بە مافی چارەی خۆنووسینی بگات کە ئەویش دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆیە.

دوا ووتە لێرەدا کە ئەمەوێت بیلێم ئەوەیە کە "من بەمەبەستەوە بە دەستپێکردنی گفتوگۆکەی نێوان بەرەی کوردستانی و داگیرکەری عێراقی باسەکەمم پچڕاندووە و چیدی باسی هیچ شتێکی دیکەم نەکردووە، چونکە هەموو ئەو ڕووداوانەی کە لە دوای گفتوگۆکەوە ڕوویدا دەستکرد و ڕەنگدانەوەی ئەو گفتوگۆیەن کە خۆی لە خۆیدا باسێکی جیاوازە و دەبێت بەتایبەتی لە سەری بنووسرێت".

بەڵام دەڵێم چ دەبوو ئەگەر ئەو گفتوگۆیە نەهاتایەتە بوون و لە جیاتی مانگێک شەش تا حەوت مانگ زێتر لە سێ ملیۆن مرۆڤی کورد بەو چیا و چۆڵانەوە بمانایەتەوە، ئایا ئەوە زێتر خزمەتی کێشەکەمانی نەدەکرد ؟!... بەو ماوەیە لەوانەبوو هەر هەزار کەسێکی ترمان لەکیس بچوایە، نەوەکو ئەو برسێتی و بێ دەرامەتی یەی ئێستای کوردستان، کەبەجارێک شیرازەی کوردەواری تێکداوە و بەداخەوە لەسەر دەریایەک نەوتیین و زستانان لە سەرمادا دەمرین ؟؟!...

تێبینی :ـ

ئەم نووسینە بە ماوەیەکی کورت لە دوای ڕاپەڕینەکەو هاوکات لەگەڵ ڕەوی ئاوارەکاندا نووسراوە، خۆ ئەگەر هەر لەو ماوەیەدا بە چاپ بگەیەنرایە کاری خۆیی باشتر دەکرد و هەرچەندە چەند لایەنێکی سیاسی و پیشەییش بەڵێنی چاپکردنیان بە نووسەر دا !
بەڵام بەداخەوە ئەنجامی چاپکردنەکەی بەم شێوەیە شکایەوە کە دەیبینن ...

مـافـی لەچاپدانەوەی پارێزراوە

زۆر سوپاس بۆ کاك هوشیار کە لە دەرهێنانی
بەرگی ئەم کتێبەدا یارمەتیی دام ٠

# EEN ONDERZOEK NAAR DE OPSTAND VAN ZUID KOERDISTAN IN DE LENTE VAN 1991.

DOOR

H. KADIR RASUL

NEDERLAND 1994

Groningen

AN INVESTIGATION OF THE

INSURRECTION OF SOUTH KURDISTAN

IN SPRING 1991.

WRITTEN BY

HAWREH KADIR RASUL

---

NETHERLAND • Groningen • 1994

کوردستانێکی ئازاد                                        گەلێکی یەکسان

بەڕێز /

سڵاوی ئازادی و یەکسانی ٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠ بە هیوای سەرفرازی کورد ٠

ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠/٧/١٩٩١ کاتژمێر ٦/٥ ی [illegible] ئێوارە کۆڕێک بۆ

[illegible] پێشمەرگە (داوێن قادر رەسوڵ) سازدەکرێت لە باخچەی [illegible]،

کە بریتی یە لە (لێکۆڵینەوەیەک لە سەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ ی باشووری

کوردستان) ٠ هاتنتان مایەی شانازیمانە ٠

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزماندا
[illegible] بۆ کورد

پارتی [illegible] کورد
پاسۆک
[illegible]
لێژنەی [illegible]

# یادی ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١

ڕۆژی ٧ ی مارتی ١٩٩١ ، گەلی کورد لە باشووری کوردستان هەستا بە گەورە ترین ڕاپەرین ، بوو بە هۆی ئازاد کردنی بەشێکی گەورە ی باشووری کوردستانی داگیرکراومان ، باش سێ هەفتە ڕە وە کۆچیە سێ ملیونیە بەناوبانگە جیهانیەکەی کوردستان روویدا!!!

بۆ یادکردنەوە ی ئەو ڕۆژە مەزنە پیرۆزە و باسکردنی ئەو روداوە گرنگانە ، یانەی کوردی « میدیـا » کۆڕێک ساز دە کات بۆ بەرێز ( هاوڕێ قادر رە سول ) کە لە نزیکەوە روداوە کانی دیوە و تۆماری کردون و بە شێوە ی لێکولینەوە یەک پێشکەشمانی دە کات. ئەم لێکولینەوە یە بە ناونیشانی ( ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ ی باشووری کوردستان ) ە.

به ئامادە بونی هەموو خوشک و برایەکی بەرێز شادمانین

<u>ڕۆژی:</u> یەکشەمە ریکەوتی ٧ ـ ٣ ـ١٩٩٣
<u>کاتژمێری:</u> ٢ ی پاش نیوە رو
<u>شوێن:</u> هۆڵی یانەی « میدیـا » لە ئەمستردام
<u>ناونیشان:</u> Pieter Nieuwlandstraat 95

<u>بۆ گەیشتن:</u> بە ترامی ژمارە ٣ ، ٦ ، ١٠ ، ١٤
بە پاسی ژمارە ٢٢ ، ٣٧ ، ٦٩ ، ١٦٩

دە ستەی بەڕیوە بەری
یانەی کوردی میدیـا لە هۆڵەندا


KOERDISCHE VERENIGING
IN AMSTERDAM 'MIDIA'
POSTBUS 75562
1070 AN AMSTERDAM